## ئێنشعابەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، هۆو ئاکامەکانی

1385-10-30

کە لە 5 بەش دا بڵاو کرایەوە

تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ئاوەڵا بوونی مەیدانی تێکۆشانی سیاسی لە ئێرانو کوردستاندا حیزبەکەمان لەژێر ڕێنوێنیی کومیتەی ناوەندیو بیری وردو ژیرانەی ڕێبەری ناوداری گەلەکەمان شەهیدی نەمر د. قاسملوو لە 11ی ڕەشەممەی 58 تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاندو لەم دەورە لەتێکۆشان، ڕێبەرایەتیی حیزب تێکەڵاوێك بوو لە بیروبۆچوونی توودەیی، بیروبۆچونی عەشیرەتی، بیروبۆچونی دیموکراتیو نەتەوەخوازی. نوێنەری بیروبۆچونی توودەیی لە ڕێبەریدا غەنی بلوریانو محەممەدئەمین سەراجی بوونو نوێنەری بیری نەتەوەخوازی دێموکراتی د. قاسملوو بووو چەند کەسکیش نوێنەری بیری عەشیرەتی بوون.
ئەم بیرو بۆچوونانە لە ساڵانی دەربەدەریو دوورە وڵاتیدا بەهۆی دوور بوون لە وڵاتو نەبوونی پەیوەندی ڕاستەو خۆیان لەگەڵ خەڵك هەرچۆنێك بێت پێکەوە سازابوونو دەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانیان لە چوارچێوەی ئەو کەسانەدا بوو کە لە دوورە وەڵاتی دەژیان، بەڵام بەهۆی درەنگ گەڕانەوەیان ئەویش بە درەنگەوە بۆ کوردستانی ئێرانو پەیوەندی گرتن لەگەڵ کۆمەڵانی هەراوی خەڵكو بە تایبەتی لاوانی خوێندەوار لەنێوخۆی وڵات داو زۆر لە حیزبەکان لەو ماوەیەدا یارگیری خۆیان کردبوو، بەڵام دیسان بەهۆی ئێعتبارێك کە حیزبی دێموکرات لە کۆماری کوردستانو جووڵانەوەی ساڵەکانی 46_47 بۆی بەجێ مابوو لەژێر بیری وردو ژیرانەی د. قاسملوودا توانی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، لەم دەورەیەدا هەرکام لەو سێ ڕوانگەیە کە باسمان لێوە کردن هەوڵیان داوە زۆرترین لایەنگر لەدەوری خۆیان کۆ بکەنەوە تا بەڵکوو بتوانن لە کۆنگرەی چوارەمدا کە لە پێش بوو ڕێبەرایەتی حیزب بەدەستەوە بگرنو حیزب بەرەو ئەو ئاقارە بەرن کە لەگەڵ بیرو بۆچوونیان یەك دەگرێتەوە.
لەم کێشەیەدا حیزبی توودەو کۆماری ئیسلامییش بێکار دانەنیشتبوونو بە هەموو هێزی ماددیو مەعنەوییانەوە پشتی بیرو بۆچونی توودەیی نێو حیزبی دیموکراتیان گرتبوو، بەو نفووزە کە توودەییەکان لە درێژایی مێژووی حیزبدا هەوڵیان داوە لەنێو ئەم حیزبەدا بە دەستی بێننو بە خزاندنی ئەندامانی خۆیان بۆ نێو حیزبی دێموکراتو تەبلیغ کردنی شێوە بیرو بۆچونی توودەیی ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دا.

ئەم سەف ئارایی‌یە لەپێش کۆنگرەی چوارەمەوە تا نێو سالۆنی کۆنگرەی چوارەم بەشێوەیەکی سیستماتیك بەردەوام بوو. کۆنگرەی چوارەم بەو تەرکیب و پێکهاتەوە کە باسمان کرد لەگەڵ ژمارەیەك نوێنەری تازە هاتوو کە ئاگایان لە جەریاناتی نێوخۆیی حیزبی دیموکرات نەبوو، پێك هات. ئاکامی کۆنگرەی چوار هەرچەند دڵخواز نەبوو بەڵام هەر ئەوەندە کە کەسانێکی وەك کەریم حیسامیو حەمەدئەمین سەراجی دەنگیان نەهێنایەوە بۆخۆی جۆرێك لە سەرکەوتن بۆ ڕەوتی دێموکراتو نەتەوەخواز بە حیساب دەهات، توودەیی‌یەکان کە لە کۆنگرەدا سەرکەوتنی دڵخوازی خۆیان بەدەست نەهێنابوو تا بتوانن بە مەیلی خۆیان غەنی بلووریان بکەنە سکرتێرو خۆشیان لە دەفتەری سیاسیو کومیتەی ناوەندیدا بکەونە زۆرایەتی، ئەمجار هەوڵیان دەدا بە هەرشێوەیەك بێت جێگەپێ‌یەکی قاییم لە نێو بەدەنەی حیزبدا کە زۆرتر گەنجو کەم ئەزموون بوون بۆ خۆیان بکەنەوە کە لەمەیاندا تا رادەیەك چوونە پێشو غەنی بلووریانیش وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا.
یەکێك لە خاڵە پەسەند کراوەکانی کۆنگرەی چوارەم درێژەدان بە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو هەرچەند پەسندکرانی ئەم بڕیارەش نەیتوانی پێش بە شەڕخوازیی کۆماری ئیسلامی بگرێو دوای چەند مانگ بەناو وتووێژ، ڕێژیم بەدنیەتیی خۆی نیشان داو هەر لە ڕۆژەکانی بەرێوەچوونی کۆنگرەی چوارەمدا بوو کە هێرشی خۆی لە پاوەو کامیارانەوە بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان دەست پێ کردو پاش تەواوبوونی کونگرەی چوارەمیش حیزب زۆری هەوڵ دا تا وتووێژەکان بەردەوام بن، بەڵکوو مەسەلەی کورد لە ڕێی وتووێژەوە چارەسەر بکرێ. تەنانەت پاش گەڵاڵە 26 ماددەیی‌یەکەی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد کە بە ئاکام نەگەیشت، حیزبی دێموکرات لە هەوڵێکی دیکەدا بۆ بە ئاکام گەیاندنی وتووێژ گەڵاڵەیەکی 6 ماددەیی پێشکەش بە دەوڵەت کرد کە ئەمەشیان بێ‌وەڵام مایەوە.
گرووپی تودەیی نێو حیزبی دێموکرات بە هاندانی حیزبی توودە هەموو هەوڵی خۆیان دەدا بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك بێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێك بێنو ئێستدلالیان دەکرد لە بەر ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی دژی ئێمپریالیستەو دەبێ لەگەڵی ڕێك بکەوینو بە خودگەردانی کە دروشمی ئەوکاتی حیزبی توودە بوو ڕازی بینو چەکەکانمان دابنێین، بەڵام لەم لاوە ڕێبەرایەتیی حیزب بە هەست بە بەرپرسایەتی‌کردن ئامادەی درێژەدان بە وتووێژ بۆ بەدەستهێنانی خودموختاری بوو، هەر لەو کاتەشدا ڕایدەگەیاند تا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مافی خودموختاری تەزمین نەکا، حیزب ئامادە نابێ چەك دابنێ، ئەم کێشەیە تا ڕێکەوتی 59|3|25 کە تاقمی حەوت کەسی "غەنی بلوریان ، ڕەحیم سەیف قازی، فەوزیە قازی، نەوید موعینی، فاروق کەیخوسرەوی، ئەحمەد عەزیزیو مام هێمن (پێویست بە ئاماژەیە کە دواتر بە بڕیاری حیزب ناوی مام هێمن لەو

لیستەیەدا دەرهاویژراو تەنانەت لەو کاتەوە لە شیعرو نووسراوەکانی لە رادیۆو بڵاوکراوەکانی حیزب، کەڵك وەردەگیردرێ)" لە نامیلکەیەکدا ڕایانگەیاند کە بە پەیڕەوی لە ڕێبازی دیاریکراوی کۆنگرەی چوارەم دەچنەوە ناو ڕێژیمو بە قەولی ئەوان باندی قاسملوویان وەدەر ناوە، لەو ڕاگەیاندراوەدا زۆر تومەت وەپاڵ ڕێبەرایەتیی حیزب بەتایبەت شەخسی د. قاسملوو درابوون، ئەوان لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا حیزبی دێموکراتیان بە لادان لە ڕێبازی کۆنگرەی چوارەمو خۆیان بە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم لە قەڵەم دابوو، ئەمە لە کاتێك دابوو کە بەرنامەی حیزب لە کۆنگرەیەك پەسەند کرابوو کە ئەوان شکستیان هێنابوو، لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە:" کە کومیتەی ناوەندیی حیزب لەو ماوەیەدا بە کوشتنی ئەو برا پاسدارانە زۆر جینایەتی کردوون کە ئەوانیش لە بەر ئەوەی ئیفشاگەرییان لەو بارەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵكو توودەهای حیزبی نەکردوە، خۆیان بە تاوان بار دەزانن".

هەروەها لە نامیلکەکەیاندا وتوویانە لە کوردستان دووبەرە هەیە: بەرەیەکی سالمو ئینقلابی کە دەزانن‌و تێدەگەن کە پاراستنی شۆڕش لە مەترسیی پیلانەکانی ئیمپریالیستی لە هەموو شتێ لە پێشترو گرینگترە، بەرەی دیکە ناسالمو دژی شۆڕشە کە دەست پەروەردەکانی ئۆوەیسی‌و پالیزبانن کە تێناگەن‌و داردەستی ئیمپریالیزمن، هەر ئەو ئەدەبیاتە کە حیزبی توودە بە کاری دەهێنا.

لە لاپەڕەی 8ی نامیلکەکەیاندا هێنابوویان: "بەڕوونی‌و بە بێ دوودڵی دەبێ بڵێین کە ئەم شەڕە براکوژی‌یەو بەرهەمی ناسالمی دژیگەلی‌و دژی شۆڕشی هەردوو لای بەرەی دەوڵەت و بەرەی کوردستانە. لە ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردووی سنەدا خەڵك بە چاوی خۆیان کەسێکیان دیتوە کە لە تەنیشت مەیدانی شەڕ خۆی حەشار داوەو بە نۆرە گوللەیەك بە پادگانەوە گوللەیەك بە خەڵکەوە دەنێ".

لە لاپەڕەی 18ی ئەم نامیلکەیەدا هاتوە:

"دەبێ تێبینی‌یەکانی حیزبی بەعسی عێراق بە یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵوێستی گرووپەکانی بەشدار لە مەسەلەی کوردستان لە دژی شۆڕشی ئێران بێ‌و . . . ئێستا ترسی ئەوە هەیە کە کوردستان بە تەواوی ببێتە پێگەی بەعسی عێراق‌و عەوامیلی ئەمریکاو پیلانی بەربلاَوتر لەم بارەیەوە لەئامادەکاری دابێ".

بە کورتی لە بەیاننامەکەیاندا حیزبی دێموکراتیان وابەستە بە بەعسی عێراق‌و بە قەولی توودەیی‌یەکان ئەیادی ئیمپریالیزم ناودێر دەکردو دەیانگوت د. قاسملوو هەشت ملیۆن دۆلاری لە ناتۆ وەرگرتوە بۆ دژایەتی لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی.

سەرنج بدەنە ئەو تۆمەتە ناڕەوایە کە تاقمی حەوت کەسی بۆ خۆش خزمەتی بە کۆماری ئیسلامی دەیاندایە پاڵ حیزبی دیموکرات. لە لایەك شەڕ لەگەڵ پاسدارانی دژی شۆڕش‌و داگیرکەر کە بە ئەمری ئیمامە کۆنەپەرست‌و ڕق لە دڵەکەیان، کوشتنی مرۆڤی کوردیان تەنیا بە تاوانی مافخوازی بە جیهادی ئەکبەرو خزمەت بە

ئیسلام دەزانیو ڕەحمیان بە گەورەو بچووكو ژنو منداڵی ئەم میللەتە نەدەكرد.
ئەم برایانەی تاقمی حەوت كەسی (پاسدارەكان) چ جینایەتگەلێك كە لە كوردستان بەڕێوەیان نەبرد؟
لە لایەكی دیكەوە حیزبی دێموكراتیان بە عامیلی بەعس ناو دەبرد. حیزبی دێموكراتێك كە پاش ڕووخانی حكومەتی بەعسو دەركەوتنی فایلەكان، شێوەی پەیوەندی گرتنی بە حكومەتی بەعسەوە ڕوون بووەوەو زانرا كە ئەم حیزبە لە پەیوەندییەكانی لەگەڵ حكومەتی بەعس سەربەرزەو نەك هیچ كارێكی نەكردوە كە شەرمی لێ بكا، بەڵكو هەر بە پێی ئەو بەڵگانە دەركەوت كە حیزب لە دەربازكردنی تێكۆشەرانی كوردی عێراق لە دەستی بەعس چۆن تێكۆشاوەو بەرپرسانی ئەمنییەتیی بەعس چۆن هەوڵیان داوە بەرپرسانی ئەم حیزبە لە پەیوەندی لەگەڵ نەجات دانی تێكۆشەرانی كوردی عێراقەوە لەژێر چاوەدێری داموو دەزگا ئەمنییەتیكانی خۆیان بگرن.
بۆیە لەم پەیوەندییەدا ڕووڕەشی بۆ تاقمی حەوت كەسی مایەوە و دەمێنێتەوە كە چۆن بێشەرمانە ئەو تۆمەتانەیان دەدایە پاڵ حیزبی دیموكرات.
هۆی ئەسڵیی جیابوونەوەی تاقمی حەوت كەسی لەڕاستیدا دوو شت بوو، یەكەم لەژێر تەئسیری حیزبی توودەو ڕێنوونییەكانیدا دەیانهەویست ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموكرات بە دەستەوە بگرن، بەم جۆرە جێگا پێیەك بۆ حیزبی توودەی ئیكسپایربوو لەكوردستان بكەنەوە، حیزبی توودەیەكی بەدناو كە دەیهەویست لە خۆشەویستی حیزبی دیموكرات كەڵكی خراپ وەربگرێ.
دووهەم هۆی بێورەییو ورەبەردانی ئەو تاقمەو داروەستەكانیان بوون كە توانای شۆڕش كردنیان نەمابووو دەیانهەویست تەسلیم ببنەوەو بۆ ئەم مەبەستە ناچار بە تیئۆری داتاشین بوون كە گوایا ڕێژیم دژی ئیمپریالیستەو لەو قۆناغەی خەباتی دژی ئیمپریالیستیدا دەبێ هەموو شتێك فیدای ئەو جۆرە خەبات كردنە بكرێ، تەنانەت دێموكراسیو مافی نەتەوەییش كە فەلسەفەی وجوودی پێكهاتنی حیزبی دێموكرات بوون، لە پێناویدا قوربانی بكرێ كە ئەمەشیان جێگای پەسندی ڕێبەرایەتیی حیزب نەبوو، بۆیە دوای هەڵوێست گرتنەكەی تاقمی حەوت كەسی شەهیدی نەمر د. قاسملوو لەمهاباد بۆ خەڵك قسەی كردو ڕایگەیاند تاقمی حەوت كەسی دەڵێن چەك دابنێینو تەسلیمی ڕێژیم بینەوە، خەڵكینە ئێوە دەڵێن چی؟ چەك دابنین یا چەك دانەنین؟ لە وەڵامدا خەڵك هاواریان دەكرد "چەك دانانێینو موبارزە دەكەین". پاش ئەم كۆبوونەوەیە نازناوی تاقمی خائینی حەوت كەسییان لەسەر دانانو بە خائێنیان ناسینو وبە تۆمارو نامە پشتیوانییان لە ڕێبەرایەتیی حیزب دەربڕی.
پاش ئەو هەلوێست گرتنە تاقمی حەوت كەسی ژمارەیەك لە كومیتەو ئەندامانو تەنانەت "ڕێكخراوی لاوانی حیزب" لەگەڵ گرووپی حەوت كەسی ڕۆیشتنەوە ناو

ڕێژیمو ئەوەندەی لەتوانایان دابوو خزمەتیان بە کۆماری ئیسلامیو تەنانەت جاسووسیيان لەسەر خەڵكو تێکۆشەرانی دیموکرات کرد. حیزبی توودەو چریکە ئەکسەرییەتەکانیش بە ڕاگەیەندراو پشتگیرییان لە تاقمی حەوت کەسی کرد بەڵام تاقمی حەوت کەسی کە لە لایەن خەڵکەوە وەلانرابوونو نازناوی خائێنیان لەسەر دانرابوو، زۆر زوو لە سێ بەشدار بوون بە بڵقی سەرئاوو توانەوەو کۆتاییيان پێ هات. بەشی یەکەم بوون بە بەشێك لە ڕێژیم وەك فارووق کەیخوسرەویو... بەشی دووهەم پێش لە کونگرەی حەوتەم داوایان کرد بگەڕێنەوە نێو حیزب، کومیتەی ناوەندی پێی ڕاگەیاندن دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ نێو حیزب بەڵام پێش لەوە بگەڕێنەوە پێویستە هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە چالاکیی ڕابردوویان هەم بەرانبەر بە سیاسەتی ئەو کاتی تاقمی حەوت کەسی کە دوژمنایەتی لەگەڵ بزوتنەوە میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان بوو روون بکەنەوە، هەم بەرنامەو پەیڕەوی نێوخۆی حیزب بەو شێوەیە لە کونگرەی شەشەمدا پەسندکراوە قەبووڵ بکەن. ئەوجار حیزب ماوەیەکیان بۆ دیاری دەکا ئەگەر لەو ماوەیەدا نیاز پاکیو دڵسۆزیی خۆیان بە کردەوە نیشان دا ئەو کاتە تاك تاك بە ئەندامی حیزب وەر دەگیرێنەوە. ئەم هەڵوێستە لە دوو بارەوە دروست بوو، یەکەم هەستی تۆڵەکردنەوەی تێدا نەبوو، دووهەم حیزبی دێموکرات وەك حیزبێکی بەرپرسو سینگ فراوان ڕێگا لە هیچ هاونیشتمانیەك بۆ بەشداری لە خەبات ناگرێو ئەم بۆچوونەی خۆیان دەبێ بە شێوەی نوسراوە بدەن بە حیزب کە بە پێی ئەم مەرجە چەند کەسێکیان گەڕانەوە بۆ نێو حیزب. بەشی سێهەمیش لە ڕاگەیەندراوێکی ڕەسمیدا خۆیان هەڵوەشاوە ڕاگەیاند، پاش ئەوە ژمارەیەکیان چوونەوە باوەشی حیزبی دایکیان تودە(سراجی، بلوریان)و غەنی بلووریان دەستبەجێ بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی توودە، سەرئەنجام ناوێك لەو تاقمە نەماو ئێستاش خەڵکی کوردستان وەك بەشێك لە مێژوو سەیری دەکەن.

لێرەدا بۆ کۆتایی ئەم بەشە لە وتارەکە ئاماژە بە قسەیەکی شەهید د. قاسملوو لە بارەی غەنی بلووریانەوە دەکەم: د.قاسملوو لە سەفەرێکی ئورووپایی خۆیدا چاوی بە غەنی بلووریان دەکەوێو غەنی بلووریان پێی دەڵێ: "من لێرەدا (حیزبی تودە) کار بۆ ئێوە دەکەم! د.قاسملووش لە وەڵامدا دەڵێ باوەڕت پێ دەکەم چۆن ئەوکات لە حیزبی دیموکراتدا بووی بۆ حیزبی توودە کارت دەکرد، بۆیە ئێستاش کە لە حیزبی توودەدای بۆ ئێمە کار دەکەی".

سەرچاوەکان:

1ـ نوسراوەی تاقمی حەوت کەسی.

2ـ وتارەکانی د. قاسملوو

3ـ ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی حەوتەم

تاقمی حەوت کەسی ئەگەرچی ئینشعابی خۆیان راگەیاند بەڵام یا لە ژێر رێنوێنی حیزبی توودەدا یان بە هەر هۆیەکی دیکە لە حیزبدا ریشەکێش نەبوونو هەرماوەیەك دوای ئینشعاب پاش ماوەی ئەم بیروبۆچوونە بە شێوەیەکی دیکە سەری هەڵدایەوەو رەحمان کەریمی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو لە کەلاسێکی کادری کە لە پاییزی 59 پێك هاتبوو رایگەیاندبوو کە پاسدار نیهادی ئینقلابی‌یەو شەڕکردن لەگەڵ پاسداران حەرەکەتێکی دژە شۆڕشانەیەو پاش ماوەیەکی، کورت خۆی گەیاندە لای هێزەکانی نەحۆو سمکۆو لەوێ لە گەڵ سەننار مامەدیو جەهانگیری ئیسماعیل زادە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوونو جۆرە زیزبوونێکیان لە حیزب هەبوو یەکی گرتەوەو بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی رێژیم شەڕی هێزی پێشمەرگەی دەکرد تا بە پێی پیلانێکی رێژیم دەیهەویست بە هۆی ڕەحمان کەریمی‌یەوە سەننار مامەدی بگرێ، بەڵام سەننار مامەدی بەم پیلانەی زانیو رەحمان کەریمی گرتو ئیعدامی کرد.
تەنانەت پاش رۆیشتنی رەحمان کەریمی دیسان پاشماوەی شێوەی بیری توودەیی لە نێو حیزبدا مانەوەو ترسنۆکانەو بە نهێنی خەریکی یارگیری لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا بوون. د.قاسملوو لە لایەك بۆ ریشەکێش کردنی ئەم شێوە بیروبۆچوونە لە نێو حیزبی دێمۆکراتو سنووردانان لە نێوان حیزبو شێوەی بیروبۆچوونی توودەیی‌داو لە هەمان کاتدا بۆ نیشاندانی ئەو راستییە کە لە سۆسیالیزمی مەوجودی ئەوکاتدا، نەبوونی دێمۆکراسی وەك کەموکوڕی‌یەکی زەقو بەرچاوە، بۆیە ئامانجی دوارۆژ سۆسیالیزمی دێمۆکراتیکی لە پێشدا لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیو پاشان لە کۆنگرەی شەشەمدا هێنایە بەرباس. لەم هەلومەرجەشدا تاقمی بەجێ‌ماوی سەر بە بیروباوەڕی توودەیی وەخۆ کەوتنو دەستیان بەتەبلیغاتێکی پانو بەرین کرد. بەشێك لە لاوەکان بۆ تەزاهور بە سۆسیالیست بوون دەستیان دایە خوێندنەوەی کتێبە کۆن بووەکانی دەورانی لنینو مارکس. هەر ئەو کتێبانە کە لە لایەن حیزبی توودەوە تەرجومەو تەفسیر کرابوونەوەو خۆیان بۆ شەڕی کۆنگرە بە دژی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیكو بە قسەی خۆیان پشتیوانی لە سۆسیالیزمی مەوجود ئامادە دەکرد. لە نێو کۆنگرەی شەشەمدا بە مەترەح بوونی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیك وەك ئامانجی دوارۆژی حیزب، قسەو باسو کێشە بە توندی دەستیان پێکرد. یەکێك لە قسەکەرەکان جەلیل گادانی بوو، ئەو لە قسەکانی‌دا دەیگوت: "سۆسیالیزم پیشوەندو پەسوەند هەڵگر نیەو زیاد کردنی پەسوەندو پێشوەند خیانەتە بە ئارمانی سۆسیالیزم". ئەوانی‌تریش هەر بەمجۆرەو لەم بابەتەوە درێژەیان بە قسەکانیاندا، هەر کامەو لە کتێبێکدا چەند ڕەستە لە قسەکانی

مارکس‌و لنینیان یادداشت کردبووو له‌ دژی سوسیالیزمی دێموکراتیك وه‌ك فاکت ده‌یانهێناوه‌، به‌ڵام سه‌ره‌نجام سۆسیالیزمی دێمۆکراتیك له‌کۆنگره‌دا په‌سه‌ند کرا.

پاش کۆنگره‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی حیزب به‌و که‌سانه‌ی که‌ دژی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیك بوون رایگه‌یاند که‌ ده‌بێ بۆ جێگیر کردنی ئه‌و بڕیاره‌ له‌ حیزبدا هه‌وڵ بدرێ، بۆیه‌ ئێستاکه‌ سۆسیالیزمی دێمۆکراتیك په‌سه‌ند کراوه‌و بووه‌ته‌ بیروباوه‌ڕی حیزب ده‌بێ بۆ چه‌سپاندنی هه‌وڵ بدرێ. به‌ڵام لایه‌نگرانی تووده‌یی نێو حیزب ئاماده‌ نه‌بوون بڕۆنه‌ ژێر باری ئه‌و بۆچوونه‌وه‌و ده‌ستیان دایه‌ ته‌بلیغات به‌ دژی سۆیالیزمی دێمۆکراتیك، بۆیه‌ له‌ لایه‌ن رێبه‌رایه‌تی حیزبه‌وه‌ پێیان راگه‌یه‌ندرا که‌ ئه‌وان ناتوانن ئه‌ندامی حیزب بن‌و له‌ حیزب ده‌رکراون. چه‌ند که‌سێکیش قه‌ناعه‌تیان هێناو له‌ نێو حیزبدا مانه‌وه‌و درێژه‌یان به‌ تێکۆشانی خۆیان دا.

پاش کۆنگره‌ی شه‌شه‌م‌و حه‌وته‌م که‌ که‌م که‌م له‌ وڵاتانی سۆسیالیستی‌و له‌ هه‌موو دنیادا سۆسیالیزمی مه‌وجود به‌ره‌و هه‌ره‌سهێنان ده‌چوو، پاشماوه‌ی بیروبۆچوونی تووده‌یی له‌ بێده‌نگی‌دا مابوونه‌وه‌و تێکۆشانێکی ئه‌وتۆیان نه‌مابوو به‌ڵام تاقمێکیان که‌ باندبازی و ده‌سته‌به‌ندی بۆیان ببوو به‌ کولتوور، ده‌ستیان دایه‌ ژێر باڵگرتنی که‌سانی بێنه‌زم‌و ته‌نبه‌ڵ‌و ته‌وه‌زه‌ل‌و به‌رده‌وام خه‌ریکی کۆکردنه‌وه‌ی که‌سانی بێنه‌زم‌و ته‌نبه‌ڵ له‌ ده‌وری خۆیان بوون‌و هه‌رکه‌س له‌ لایه‌ن حیزبه‌وه‌ به‌ هه‌ر هۆیه‌ك سزا ده‌درا پێوه‌ندی‌یان پێوه‌ ده‌کردن‌و به‌ له‌شکه‌ری خۆیان زیاد ده‌کردو ئه‌م شێوه‌ کاره‌ تا ده‌هات په‌ره‌ی ده‌گرت‌و له‌ لایه‌ن که‌سانێکه‌وه‌ به‌ڕێوه‌ ده‌چوو که‌ له‌ ده‌فته‌ری سیاسی‌و کۆمیته‌ی ناوه‌ندیدا به‌پرسایه‌تی‌یان هه‌بووو له‌م پێوه‌ندی‌یه‌دا بێنه‌زمی‌و ته‌نبه‌ڵی‌و ته‌وه‌زه‌لی له‌ ژێرباڵی ئه‌م به‌رپرسانه‌دا له‌ په‌ره‌گرتندا بووو رۆژبه‌رۆژ ئوسوول‌و نه‌زم مانای خۆی له‌ ده‌ست ده‌داو حیزبیان به‌ره‌و ئانارشیزم ده‌برد.

له‌م کات‌و ساته‌دا بوو که‌ د.قاسملوو داوای له‌م بانده‌ کرد که‌ ده‌ست له‌ کاره‌کانیان بکێشن به‌ڵام بێسوود بوو. بۆیه‌ د.قاسملوو به‌و ئاکامه‌ گه‌یشت که‌ له‌ کۆنگره‌ی هه‌شته‌مدا چاره‌سه‌رێك بۆ ئه‌م کێشه‌یه‌ بدۆزێته‌وه‌و بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ به‌ راوێژکردن له‌گه‌ڵ چه‌ند هاوڕێیه‌کی ده‌فته‌ری سیاسی بڕیاریان دا له‌ کۆنگره‌ی هه‌شته‌م دا هه‌ڵبژاردنی ئه‌ندامانی رێبه‌ری به‌پێی لیسته‌یه‌کی فیکس بێت، واته‌ هه‌ر لایه‌نێك لیسته‌یه‌کی فیکس بدات‌و خه‌ڵك به‌ لیسته‌ ده‌نگ بدات. ئه‌م پێشنیاره‌ له‌ نێو ئه‌ندامانی رێبه‌ری‌دا مه‌وافیق‌و موخالیفی هه‌بوو به‌ڵام د.قاسملوو له‌ سه‌ر هه‌ڵبژاردن به‌ لیسته‌ی فیکس سوورو پێداگر بوو.

باندی ناوبراو وه‌خۆ که‌وتن‌و له‌ کۆمیته‌ ناوه‌ندی‌و کومیته‌ شارستانه‌کاندا به‌ هۆی ده‌ست‌و په‌یوه‌ندی‌یه‌کانیانه‌وه‌ هه‌وڵیان ده‌دا زۆرترین لایه‌نگری خۆیان ببه‌نه‌ کۆنگره‌و له‌ ئاکام دا پاش به‌ڕێوه‌چوونی کۆنفرانسه‌کانی شارستان‌و ده‌فته‌ر بۆ هه‌ڵبژێرانی نوێنه‌ر بۆ کۆنگره‌، کۆنگره‌ی هه‌شته‌م له‌ رێکه‌وتی 28ی به‌فرانباری 66

لە شاری سلێمانی دەستی بە کارەکانی کرد. کۆمیسیونەکانی پێوەندیدار بە ئیدارەی کاری کۆنگرە دیاری کران. کۆنگرە پاش 5 ڕۆژ لە ڕێکەوتی 2ی بەفرانباری 66 (ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان) کۆتایی بە کارەکانی هێنا. بڕگەی یەکەمی کاری کونگرە دەنگ وەرگرتن بۆ مەشرووعیەتی کونگرە بوو کە بە تێکڕای دەنگ بەشداربوان دەنگیان بە مەشرووعیەتی کونگرە دا. لەمەڕ کونگرەی هەشتەمو ئاکامەکانی ئەم چەند خاڵە جێگای سرنجو تێڕامانە:

1. لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەی هەشتەم، نوێنەرانی کۆنگرە بەشێوەیەکی دێموکراتیك هەڵبژێردرابوونو بە هەق نوێنەری هەموو ئەندامانو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بوون. هیچ کەسیش لە کۆنگرە ئێعتێرازی بە شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەران نەکردو مەشرووعیەتی کۆنگرەی نەختستە ژێر پرسیار. کەوابوو کۆنگرە هەم سەلاحییەتو هەم مەشرووعییەتی بڕیاردانی لەسەر هەموو گیروگرفتە سیاسیو تەشکیلاتیو نیزامییەکانو، هەروەها لەسەر گۆڕین یا نەگۆڕینی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ هەبوو.

2. کۆنگرە پاش باسێکی پڕنێوەڕۆك، بە تێکڕای دەنگ ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی پەسند کردو بڕیاری پێویست لەسەر گۆڕینی هێندێ لە بەندەکانی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی دا.

3. لە کۆنگرە پێشنیار کرا کە بۆ هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی، لیستی سابیت هەبێ. لەسەر ئەم پێشنیارە نوێنەرانی کۆنگرە بە دوورو درێژی وەك موافیقو موخالیف قسەیان کردو کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ لیستی سابیتی پەسند کرد. چونکە کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبەکەمانە، بەم شێوەیە پێشکەشکردنی لیستی سابیت مەشرووعیەتی تەواوی پەیدا کرد.

4. شەش کەس لە ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی کە ناویان لە لیستی 25 کەسیدا هاتبوو، داوایان کرد ناویان لە لیستەکەدا بێتە دەرێ. ئێستێدلالیان ئەوە بوو کە چونکە دژی شێوەی هەڵبژاردن بە لیستی سابیت دەنگیان داوە، نابێ ناویان لە لیستەکەدا بێ.

5. لە ئاکام دا بە زۆربەی دەنگ 19 کەس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو 7 کەس بە جێگر هەڵبژێردران.

با بزانین هۆی ئەوە کە هێندێك لەو کەسانە دژی شێوەی هەڵبژاردن بە لیستی سابیت بوون، چ بوو؟

ئێستێدلالی ئەم کەسانە ئەوە بوو کە گۆیا ئەم شێوە هەڵبژاردنە دژی دێموکراسیو دژی پێڕەوی نێوخۆیی حیزبە، کە ئەوە ڕاست نەبوو. چونکە لەلایەك لە پێڕەوی نێوخۆدا شێوەی هەڵبژاردن دیاری نەکراوەو لەلایەکی دیکەوە کۆنگرەش وەك بەرزترین ئۆرگان مافی ئەوەی هەبوو کە پێڕەوی نێوخۆش بگۆڕێ.

ئەوە کۆنگرە بوو کە بڕیاری دەدا ئایا هەڵبژاردن بە لیستی سابیت بێ یان بە شێوەی تاکە کەس‌و، ئەمە نیشان دەدا هیچ شتێکی دژە دێموکراتیك رووی نەداوەو کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ بە شێوەیەکی دێموکراتیك چەشنی هەڵبژاردنی بە لیستی سابیت پەسند کرد.
راستییەکەی ئەوەیە زۆربەی ئەوانە دژی لیستەی فیکس وەستان، پێیان وابوو لە لیستەی پێشنیارکراودا ناویان نیە کە بە پێشکەشکردنی لیستەکە چەوتبوونی ئەو بۆچوونە بە تەواوی دەرکەوت.
6. لیستەکە چۆن ئامادە کرا؟
لە پێشدا کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لەگەڵ نوێنەرانی هەموو کۆنفرانسەکان کە نوێنەریان بۆ کۆنگرە ناردبوو، پێکەوە دانیشتن‌و ناوی هاوڕێیانیان بۆ ئەندامەتی‌و جێگری کۆمیتەی ناوەندی‌و هەروەها بۆ موشاویر پێشنیار کرد. لە پاشان راگەیەندرا ئەگەر کەسێك بەشێوەی تاکەکەسی خۆی بۆ کۆمیتەی ناوەندی کاندیدا دەکا، با ناوی خۆی بدا بە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، پاش ئەوە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بە مەشوەرەت لەگەڵ هێندێ لە ئەندامانی بەڕێوەبەری لیستەکەی تەکمیل کردو لیستێکی 25 کەسی بۆ کۆمیتەی ناوەندی ئامادە کرد.
پێش تەکمیل کردنی لیستەکە، سکرتێرو چەند کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب، لەگەڵ زیاتر لە 10 کەس لە ئەندامانی پێشووی کومیتەی ناوەندی قسەیان کرد بۆ ئەوە ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندیی تازە قبووڵ بکەن. بە داخەوە هێندێك لەوانە جەوێکی زۆر نالەباریان ساز کردو بە سازکردنی تەحریم "ئابستراکسیۆن" ئامادە نەبوون لەگەڵ کومیتەی ناوەندی هاوکاری بکەن. تەنانەت هێندێکیان پاش قبووڵکردن لەسەر فشاری رەفیقەکانیان پەشیمان بوونەوە!
7. لەگەڵ ئەوەشدا دیسان کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بە دروستی زانی کە ناوی 6 کەس لەوانە لە لیستەکەدا بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی پێشنیار بکرێن، بەڵام ئەم شەش کەسەش رایان گەیاند کە ئامادەی هاوکاری لە لیستەکەدا نین‌و زۆربەیان سوپاسی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنیشیان کرد.
8. کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ لیستەکەی پەسند کردو یەکێك لە هاوڕێیانیش کە بە جیا خۆی کاندیدا کردبوو وەك جێگر هەڵبژێردرا کە ئەمە خۆی نیشانەیەکی دیکە لە شێوەی دێموکرات بوونی هەڵبژاردنەکە بوو.
9. ئەوانەی دژی شێوەی هەڵبژاردن بە لیستی سابیت بوون، لەڕاستی‌دا هیچ ئێستێدلالێکیان نەبووو نیشانیان نەدا کە بۆچی ئەم شێوەیە باش نیە. تەنیا ئەوەیان دەگوت کە پێشتر لە حیزبی ئێمەدا شێوەی هەڵبژاردنی تاکەکەسی باو بووەو ئەم شێوەیە تازەیە، بەڵام دەبێ بگوترێ حیزبی ئێمە لە هێنانی زۆر شێوەی نوێی تێکۆشانی سیاسی‌و تەشکیلاتی دەستپێشخەر بووەو هەموو جارێکیش پاش ماوەیەك بۆ ئەو کەسانە کە پێشتر قانیع نەببوون، دەرکەوتووە کە ئەو شێوە تازانە

چەندە بە قازانجی حیزب بوون. نموونەی ئەم شێوە تازانە هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیك لە کۆنگرەی شەشەمدا بوو کە زۆربەی ئەم کەسانە دژی لیستەی سابیت بوون، ئەو کاتیش دژی هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیك وەك ئامانجی دوارۆژی حیزب بوونو ئێستا دەردەکەوێ هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیك لەو هەلومەرجەدا چەندە پێشکەوتوانەو سەردەمییانە کە ئەودەم لێی تێنەدەگەیشتن.

10ـ هێنانی لیستەی سابیت لە هەلومەرجێکدا بوو کە ناکۆکی لە کومیتەی ناوەندیدا لەسەر بێکاریو کەم کاریو بێتەفاوەتیو نان بە قەرزدانو بێ دیسیپلینی لەلایەك، پرکاریو دڵسۆزیو ئوسووڵیبوونو پاراستنی دیسیپلین لە لایەکی دیکە بوو، لە وەزعی ناسکی ئەوەدەمدا حیزبێکی شۆڕشگێڕ وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەیدەتوانی کە دێموکراسی، دیسیپلین، نەرمیو ئوسووڵیبوون پێکەوە بەڕێوە نەچن. ڕاستییەکەی ئەوەیە لەو کاتەدا بەهۆی قوتبێك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە پێك هاتبوو و ئەندامانی بێکارەو بێتەفاوتو فورسەت تەڵەبی لە بن باڵی خۆیدا کۆ دەکردەوەو ببوو بە هۆی بێدیسیپلینیو دڵساردیی زۆر لە هاوڕێیان، هاوکاری زۆر سەختو دژوار بوو. هێنانی لیستی سابیت لەو هەلومەرجەدا ئەو زەمینەیەی پێك دەهێنا کە لە کۆنگرەدا کەسانێك بۆ ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێن کە تا ڕادەیەك هەماهەنگیو هاوکارییان هەبێو ئامادە بن بەرپرسایەتییەکان بە ئەستۆ بگرن. دیارە مەبەست لە هەماهەنگی ئەوە نەبوو کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لەسەر هەموو گیروگرفتێك یەك نەزەرو یەك دەنگ بن. بەپێچەوانەوە لە کومیتەی ناوەندیدا نەزەری جیاوازو ناکۆکیی بۆچوون شتێکی ڕەوایە. مەبەست ئەوە بوو، ناکرێ هێندێ کەس دڵسۆز بن، دیسیپلینیان هەبێ، ڕۆژ تا ئێوارە کار بکەن، هێندێ کەسیش بێتەفاوت، بێ دیسیپلین بنو بێکاردابنیشن. تەنانەت لەوەش زیاتر ببن بە هۆی بڵاوبوونەوەی بێتەفاوەتیو بێدیسیپلینیو بێکاری لە هەموو بەدەنەی حیزبدا.

11ـ لە کۆنگرەی حەوتەمدا هەرچەند ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەڵێنیان دابوو لە هەر شوێنێك کاریان بۆ دیاری بکەن، بەڕێوەی بەرن. لە یەکەم کۆبوونەوەی پاش کۆنگرەی حەوتەمدا بە بەڵێنەی خۆیان پابەند نەبوون. لە ئاکامدا لە 25 ئەندامی کومیتەی ناوەندی 19 کەسیان لە دەورووبەری دەفتەری سیاسی مانەوە. چوار ئەندامو جێگری کومیتەی ناوەندی تەنیا لە فێرگە نیشتەجێ ببوون کە زۆربەیان کاریان زۆر کەم بوو. (لەو کاتەدا حیزب 15 کومیتە شارستانی هەبوو کە پێویست بوو بەرپرسەکانیان ئەندامی ڕێبەرایەتی بن، هەربۆیە لە کۆنگرە دەنگیان پێ درابوو) بوونی لیستی سابیت لەو کاتەدا ئەم گیروگرفتەشی چارەسەر کردو ئەوانەی کە دەهاتنە ناو لیستەکەوە، لە پێشدا دەیان زانی بۆ چ کارێك هەڵبژێردراونو لە ئاکامدا هەرکەس خەریکی کاری دیاریکراوی خۆی دەبوو.

12ـ ئەو چەند کەسە بەڵێنیان دا ئەگەرچی نایەنە ناو لیستەکەوە، بەڵام ئامادەن کار بکەن. بەڵام پاشان بە قسەکانی خۆیان وەفادار نەمانەوەو دەستیان دایە تەبلیغات دژی ئاکامەکانی کۆنگرەو ئەو کاتیش سیاسەتی ئێمە واتە ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی هەشتەم بۆ جووڵانەوە لەگەڵ ئەو کەسانە لانی زۆری نەرمی بێلادان لە ئوسووڵ بوو کە ئەو سیاسەتەشمان بەڕێوە برد.
وەك باس کرا ئەم باندە دەستیان دایە تەبلیغ بە دژی ئاکامەکانی کۆنگرەی هەشتەمو بە جەوسازی لە چەند کۆمیتە شارستانو دەوروبەری دەفتەر داوایان دەکرد کۆنگرەی نائاسایی بگیرێتەوەو ئەم داواکارییە لە کاتێك دا بوو کە چەند ڕۆژ بەسەر گرتنی کۆنگرە تێپەڕیبووو بەپێی ئەساسنامە کاتێك کۆنگرەی نائاسایی دەگیرا کە 2 لەسەر 3ی ئەندامانی حیزبی داوای بکەن، یا کۆمیتەی ناوەندی گیروگرفتێکی بۆ بێتە پێش کە نەتوانێ ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێو داوای گرتنی کۆنگرەی نائاسایی بکا، کە هیچکام لەم دوو خاڵە لە ئارادا نەبوون. ئەوانەی کە داوای کۆنگرەی نائاساییان دەکرد لە چاو کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبدا ژمارەیان زۆر کم بووو کۆمیتەی ناوەندیش دەیتوانی ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێو هیچ گیروگرفتێکی نەبوو بۆیە گرتنی کۆنگرەی نائاسایی جێگای باس نەبوو. دوای ماوەیەك جەوسازیو گێرەوکێشە کەم کەم دژبەرەکانی کۆنگرەی هەشتەم لە بنکەی دەفتەری سیاسی بەرەو قەڵادزێو ڕانیە شۆڕ بوونەوەو هەواڵی دانیشتنی کاك حەسەن ڕەستگارو چەند کەسی دیکەیان لەگەڵ موجاهێدینی ڕەجەوی بڵاو کرایەوە.
ئەم دەنگۆیە لە کاتی بەردەوام بوونی کۆنگرە لە شاری سلێمانیشدا هەبوو کە کاك حەسەن ڕەستگارو چەند نەفەر لە هاوڕێکانی لەگەڵ نوێنەری موجاهیدین لەو شارە دانیشتوونو بەم چەشنە بە هاوکاری موجاهیدین کە دژی حیزبی دێمۆکرات بوو گەرای جیابوونەوە لە حیزب دانراو باقی هاوڕێکانیان بەرەبەرە بە یەكو بە دوو بە دوای تەسفیەحیساب لە حیزب بە بیانووی دانیشتن بەرەو قەڵادزێو ڕانیە شۆڕ بوونەوەو ژمارەیەك لە لایەنگرەکانیشیان بە شەو هەڵدەهاتن.
ڕێبەرایەتی حیزب بە هەست کردن بە دواڕۆژی ئەو هاوڕێیانە ئەو پەڕی هەوڵی خۆی دا بۆ مانەوەیان لە ریزەکانی حیزبدا بەڵام بێفایدە بووو هەر چەند ڕۆیشتنەکەیان لە زستانی 66 بوو بەڵام دروست لە ڕێکەوتی 67/1/1 ، بە ڕاگەیاندنی 10 خاڵ جیابوونەوەی(ئینشعاب) خۆیان لە حیزب ڕاگەیاند. لەو 10 خاڵەدا هاتبوو:
1ـ داڕشتنەوەی بناغەکانی ئوسووڵی دژی ئیمپریالیستی لە حیزبداو وەلانانی سیاسەتو مانۆرە سازشکارانەکانو ڕاست ئاژویانەی فراکسیۆنی شەرەفکەندی - قاسملوو لە سازان لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵە ئیمپریالیستییەکانو ئوپۆزیسیۆنی دژی شۆڕشی بەستراوە بەوان.

2ـ تێکۆشان بۆ دامەزراندنی پێوەندی دۆستانە لە گەڵ وڵاتانی سوسیالیستیو پێشکەوتنخوازو بەهێزکردنو پەرەپێدانی پێوەندی لە گەڵ حیزبو ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانو هاوپێوەندی لە گەڵ جووڵانەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکان.
3ـ پێداگرتن لە سەر درێژەپێدانو پەرەپێدانی خەباتی چەکدارانەو ڕەتکردنەوەی سیاسەتی سازشکارانەو وتووێژ خوازانە بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، سیاسەتێك کە جگە لە پێکهێنانی گومانو دوودڵی لەمەڕ ماهیەتی ڕێژیم ئاکامێکی نەبووە.
4ـ پشتیوانی لە تێکۆشانی نێونەتەوەیی بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕیماڵوێرانکەری ئێرانو عێراقو دامەزراندنی ئاشتی لە نێوان دوو وڵاتدا لە سەر بناغەی بڕیاری 598ی ئەنجومەنی ئاسایش.
5ـ هەوڵدان بۆ لە نێوبردنی ئاڵۆزی (تشنج زدایی) نیوان حیزبو ڕێکخراوە خەباتگێڕو دیمۆکراتو شۆڕشگێڕەکان لە ئاستی ئێرانو کوردستانداو تێکۆشان بۆ پێکهێنانی پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری لە گەڵ ئوپۆزیسیۆنی شۆڕشگێر لە سەر بناغەی ڕێزگرتنی بەرانبەر بە مەبەستی هەرچی بەهێزتر بوونی جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کوردو پتەو بوونی پێوەندی ئەو جووڵانەوەیە لە گەڵ خەباتی سەرانسەری بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرستو دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیو دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتیك لە ئێراندا.
6ـ لابردنی هێندێك مەبەستی مەوزعیو لادەرانەو کۆنەپەرستانە کە بە هۆی مەیلو بیروباوەڕی غەیرە دێموکراتیکی ئەو فراکسیۆنەوە خراوەتە نێو بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب.
7ـ گەڕاندنەوەی ئوسووڵو بایەخە دێموکراتیکەکان بۆ نێو ئورگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب، لە بەرچاو گرتنی مافەکانو پاراستنی پرستیژی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەندامانو پارێزگاریکردن لە دێموکراسی لە نێوخۆو دەرەوەی حیزبدا.
8ـ لابردنی ئایینی شەخسییەت پەرستی، خەبات دژی مەیلی دیکتاتۆریو دەسەڵاتی تاکەکەسی.
9ـ هەوڵدان بۆ وەرگرتنەوەی دووبارەی ئەو ئەندامو کادرو پێشمەرگانە کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی ئەو فراکسیۆنەوە لە حیزب دەرکراون یان "پاسیو" بوون، ئەم ئەسڵە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە خەیانەت یان جینایەتیان کردبێ.
10ـ پاراستنی بایەخە بەشەر دۆستانەکان بە لە بەرچاوگرتنی هەرچی زیاتری ئوسووڵی ئەخلاقیوکۆمەڵایەتی بۆ پێکهێنانی دڵسۆزیو هاوپێوەندی هاوڕێیان لە هەموو ئورگانەکانی حیزبدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر
1367/1/1

*

پاش دەرکردنی ئەو 10 خاڵەو دانانی ناوی (حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ)و ناوی هاوچەشنی ناوی ئورگانەکانی حیزب، بۆ وێنە مەڵبەندی شومال‌و هێزی ئاگری هەر هەمان ناویان بۆ دانابوون یان هێزی پێشەواو کۆمیتەی مەهاباد هەمان ناو بوون. حیزب پێی ڕاگەیاندن کە ئەگەر بە ناوی دیکەوە حیزبەکەیان ڕابگەیەنن‌و ناوی کۆمیتەو هێزەکانیشیان بگۆڕن، حیزب هیچ کۆسپێکیان بۆ دروست ناکاو بەڵکو ئامادەیە لەگەڵیشیان پێوەندی بەرقەرار بکات. بەڵام وا دیار بوو کە دانانی ئەو ناوانەو هەروەها تەك تەکی ئەو خاڵانە زۆریش بە ویستی خۆیان نەبووە بەڵکو ئەوە موجاهیدین کە سیاسەتی دژ بە حیزبی دیمۆکرات‌و خەڵکی کوردستانی هەبوو کە دەیهەویست ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە بەرامبەری یەکتری دا بکاتە دژبەر، وەك مەرجی هاوکاری کردنیان ئەو ناوانەی دیاری کردبوون. ئێمە ئەو کات زانیاری ئەوەمان هەبوو کە موجاهیدین زۆر پێش لە کۆنگرەی 8 بە کاك حەسەن ڕەستگارەوە پەیوەندی گرتووەو بەڵێنی هاوکاری لەو پەیوەندی‌یەدا پێ‌داون‌ولە سەرەتای ئینشعابەکەشیان بە ڕیز کردنی ئەو 10 خاڵە کە فڕیان بە ڕاستیەوە نەبوو ئەو مەسەلەیە دەخوێندرایەوە.

نامەی ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کە لە جۆزەردانی ساڵی 68 ڕوو لە پێشمەرگەو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی گەلی کورد نووسراوە ئەو ڕاستییەی کە ئاماژەی پێکراوە بە ڕوونی دەسەلمێنێ. لە بەشێك لە نامەی ئەو کۆمەڵە لە کادرو پێشمەرگەکانی بە ناو ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ پاش هێنانی سەرەتایەك هاتووە:

1ـ باندبازی‌و دەستەبەندی بە شێوەیەکی ئاشکرا لە نێو ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا دەبیندرێ‌و هیچ دەستەیەك دەستەی دیکە بە هێند وەرناگرێ، ئەم شێوە کارە نابەجێ‌یە بۆتە هۆی دڵساردی کادرو پێشمەرگەکان‌و شوێنی خراپی لەسەر داناون.

2ـ لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی‌دا بڕیار درابوو کە کادرەکانی دەورووبەری دەفتەری سیاسی بگەڕێنەوە نێوخۆی وڵات‌و کۆمیسیونی تەشکیلات بەڕێوەبەری ئەم بڕیارە بوو، بەڵام دوای پلینۆم بێجگە لەوەی ئەو بڕیارە بەڕێوە نەچوو، چەند کەسێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بە پێچەوانەی بڕیاری دەفتەری سیاسی لیستەیەکیان تەحویلی کۆمیسیونی تەشکیلات دا کە ناوی چەند کەسێکی تێدا بووو داوایان کردبوو ئەو کەسانەی کە ناویان لە لیستەکەدا هاتووە نەچنەوە نێو وڵات و بەم چەشنە چەند کەسێکیان لە ژێر باڵی خۆیان گرت‌و بەم بۆنەوە کادرێك کە لە سەر بڕیاری پلینۆم بە هۆی دزی‌و فەسادی ئەخلاقی‌و بەستراوەیی بە شوێنی دیکەوە دەبا دەرکرابا، نەك دەرنەکراوە بەڵکە ئێستا بۆتە ئەندامی ناوەندی 3.

3ـ یەکێك لە ئیرادەکان کە لە فراکسیۆن گیراوە ئەوە بووە کە کۆمیسیونی سیاسی نیزامیی فراکسیۆن پاڵی بە کادرو پێشمەرگەی حیزبەوە ناوەو دەری کردوون، بەڵام

تەنیا لە ماوەی ئەو 15 مانگە دا زیاتر لە 150 کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب تەسلیمی رێژیم بوونەتەوە، دانیشتوون یان گەڕاونەتەوە لای فراکسیۆن. بێگومان هۆی ئەم ئاڵوگۆڕەش بوونی هێندێك خووخدەی ناشۆڕشگێڕانەیە لە نێو رێبەرایەتی‌یەکەماندا، وەك جاسووس پەروەری، دەبن باڵ گرتنی کەسانی دزو بێئەخلاقو...

4- ژمارەیەك سیخوڕی رێکخراوەکانی دیکە بە بەڵێ قوربان وتن‌و خۆ نزیك کردنەوە لە رێبەرایەتی، خۆیان خزاندۆتە ریزی کادرەکانی حیزب‌و ئیتر ئێستا بە بۆنەی ئەوانەوە کادرو پێشمەرگەکانی دیکە لە بەرچاو گوم بوون‌و نابیندرێن‌و...

5- لە سەرەتادا رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ رایگەیاند کە یارمەتی موجاهیدین بەم رێکخراوە بێقەیدو شەرتە، بەڵام ئێستا دەردەکەوێ ئەو یارمەتی‌یانە بەممەرجانە دەدرین بە رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ:

الف: ناساندنی فراکسیۆن بەوتووێژخواز. ب: تەبلیغ بە دژی شەخسی د.قاسملوو. ج: پێداگرتن لە سەر ناوی حیزبی دێمۆکرات‌و نەگۆڕینی ئەو ناوەو چەند مەرجێکی‌تر کە لە کاتێکی دیکەدا باسیان دەکەین.

ئەمە بەشێکە لە نامەی بەشێك کادرو پێشمەرگەکانی پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران(رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ)کە لە جۆزەردانی 68 یانی 15 مانگ پاش جیابوونەوەیان لە حیزب بڵاو کراوەتەوە.

خوێنەری ئازیز!

هەرچەند ئەم نامەیە بە کافی دەزانم بۆ وڵام دانەوەی 10 خاڵە ریزکراوەکەی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ(لادەران) بەڵام وڵامی چەند خاڵێکیان هەرچەند بە کورتی بە پێویست دەزانم:

لە بەیاننامە 10 خاڵی‌یەکەدا یەکەم درۆ ئەوەیە کە گۆیا ئەوان واتە ئەو 15 کەسە حیزبی دێمۆکراتیان دەرکردووە. لە کوێ دەریان کردووەو چۆن؟ مەعلووم نیە! بۆ پاکانەی ئەم کارەیان ناوی حیزبی دێمۆکراتیان بە هەزاران کادرو پێشمەرگەوە ناوە فراکسیۆن‌و ناوی خۆشیان بە ژمارەیەکی زۆر کەمەوە ناوە حیزبی دێمۆکرات‌و تازە رێبەرایەتی شۆڕشگێڕیش وەك پاشکۆ بە دوای خۆیاندا دەکێشن، جارێ لە دانانی ناوەکەدا تەنیا رێبەرایەتی‌یەکەیان بە شۆڕشگێڕ دەزانن‌و کادرو پێشمەرگەکان کە لەگەڵیان رۆیشتوون بە شوڕشگێڕ نازانن کە ئەمەش بۆ خۆی جێگای تێڕامانە!

راستییەکەی ئەوەیە کە ئەمانە رێبەرایەتی‌یەکی شۆڕشگێڕ نەبوون بەڵکو کۆمەڵێك مرۆڤی قازانج ویست‌و مەسڵەحەت خواز بوون کە لەبەر قازانج‌و بەرژەوەندی خۆیان لە حیزب جیابوونەوەو خەڵك ناوی (لادەری) لە سەر دانان‌و ئەو ناوە ئێستاش بۆتە پێناسەیان.

ڕەخنەی (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) ؟! لە حیزبی دێمۆکرات ئەوە بوو کە لەگەڵ سۆسیال دێمۆکراسی دۆستایەتی دەکا، کەچی لە کاتێکدا کە ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست ئەو کات زیاتر لە سەد ئەندامو لایەنگری هەبوو، لە نوێنەرانی حیزب بەگەرمی پێشوازی دەکردو تەنانەت لە سەر پێشنیاری حیزب بەڵگەیەکی موسبەتی تا ئەو کاتە بێوێنەی لە سەر مەسەلەی کورد پەسەند کردبوو.

ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە ژمارە 6ی ڕۆژنامەکەیاندا شانازی بەوە دەکەن کە چوونەتە بەر دەرکی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سوئێدو کارمەندێکی بچووکی ئەو حیزبە ئامادە بووە لەگەڵیان قسە بکا! ئەمەیان لە کوێو ئەوەیان لە کوێ؟

لەبەر خۆش ڕەقسی بۆ موجاهیدین لە بەیاننامەکەیاندا هێناویانە کە حیزبی دێمۆکرات مەیلی سازشکارانەی هەیەو وتووێژخوازە. حیزبی دێمۆکرات هیچکات نەیشاردۆتەوەو هەمیشە لەو بڕوایەدا بووەو هەیە کە چارەسەری کێشەی کورد، لە ڕێگای نیزامی‌یەوە نیەو لە ئاخیرەکەی مادام کە دروشمەکانمان لە چوارچێوەی ئێراندان، هەر دەبێ بە وتووێژ چارەسەر بکرێو لەگەڵ هەر ڕێژیمێکی دێموکراتیك کە لە داهاتووی ئێراندا پێك بێ لە چوارچێوەی ویستەکانی کورددا کە لە بەرنامەی حیزبەکەماندا گەڵاڵە کراون دەکەوێتە وتووێژ. بەڵام خۆش خزمەتییەکەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ زۆرتر ئەو کاتە دەردەکەوێو ڕوون دەبێتەوە کە ئەگەر ئەم بەندە دیکتەکراوی موجاهیدین بە سەریاندا نەبووە، بۆ خۆیان دەزانن کە لە بەندی 10و 11ای بڕیارنامەی پەسندکراو لە کونگرەی 8 سەبارەت بە بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیم دا هاتووە:

بەندی 10: لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئاخوندی دا هیچکام لە داخوازی‌یە سەرەکی‌یەکانی خەڵکی کوردستان یانی دێمۆکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان بەدی ناکرێ، بۆیە دروشمی حیزب کە بریتییە لە روخاندنی ئەم ڕێژیمەو هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێمۆکراتیك، هەر لە جێی خۆیەتی.

بەندی 11: خەباتی چەکدارانە، شێوەی ئەسڵی بۆ روخاندنی ڕێژیمە، بەڵام پەرەپێدانی هەموو شێوەکانی خەباتو گرێ دانیان بە خەباتی چەکدارانە، وەدی هاتنی روخاندنی ڕێژیم ئامادەتر دەکا.

خوێنەری ئازیز! کام لەم دوو بەندە مەیلی سازشکارانەی، لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی تێدایە، بێجگە لە خۆش ڕەقسیو خۆش خزمەتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بۆ موجاهیدینی ڕەجەوی نەبێ، تازە سەرەڕای ئەم ئیدیعایانە دواتر دەرکەوت کە هەر ئەو ڕێبەرایەتی‌یە شۆرشگێرە لە یەکێك لە شارەکانی کوردستانی عێراق لە گەڵ نوێنەرانی ڕێژیم وتووێژیان کردوە کە دواتریش ئێعترافیان بەم کارە کرد.

لەم بەیاننامەیەدا هاتوە کە لە حیزبی دێمۆکراتدا دێمۆکراسی نیە، هاتنی ئەم ڕستەیە لە کاتێکدایە کە بۆ خۆشیان باش دەیانزانی کە ئەگەر ڕێکخراوێك لە ئێرانو کوردستاندا هەبێ کە ئوسوولی دێمۆکراسی پاراستبێ هەر حیزبی

دێمۆکراتە. ئەگەر حیزبی دێمۆکرات ڕێزی بۆ دێمۆکراسی دانەنابا ئەوان نەیاندەتوانی وا بە هاسانی باندبازی بکەنو کادرو پێشمەرگە فریو بدەن. لە ڕاستیدا ئەوان لە بوونی دێمۆکراسی کەڵکی خراپیان وەرگرت، بەڵام یان دەبێ دێموکرات نەبی یان دەبێ نرخی ئەم دێموکراسییەش بدەی. لەم وەزعەدا ئینسان دەبێ چ نرخێك بۆ قسەکانی خۆی دابنێ کە هاوار بکا لە حیزبی دێمۆکراتدا دیکتاتۆری هەیەو پەنا بۆ موجاهیدین ببا کە گۆیا ڕێز بۆ دێمۆکراسی دادەنێ؟!

ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ڕەخنەیان لە حیزبی دێمۆکرات ئەوە بوو کە گۆیا لە حیزبی دێمۆکرات دا ئایینی شەخسییەت پەرەستی هەیە، سەردەستەکانیان باش دەزانن کە لە حیزبی دێمۆکراتدا ئایینی شەخسیەت پەرەستی جێگای نیە، ئەمە ئەوان بوون کە بە پێدا هەڵگوتن بە د.قاسملووی نەمردا دەیانهەویست فەردپەرەستی لە نێو حیزب دا بە هێز بکەن. پرسیار ئەوەیە کە ئایا تا ئێستا لە نێو حیزبی دێمۆکرات دا هەرگیز دروشمی قاسملووو کوردستان دراوە؟ مەگەر لە کاتی ڕۆیشتنی تاقمی حەوت کەسی کە د.قاسملوو بۆ خەڵکی مەهاباد قسەی دەکرد، دروشمی "درود بر قاسملو"یان سەر نەداو هەر د.قاسملووی نەمر نەبوو لە خەڵکەکە وەدەنگ هاتو وتی ئەوە دروشمی حیزبی دێمۆکرات نیە، دروشمی حیزبی دێمۆکرات "دروود بەر دێمۆکرات"ە. یان لەو ماوەیەدا ڕێبەری بە توانای گەلەکەمان بەو هەموو خۆشەویستی‌یە کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵكو ریزەکانی حیزبدا هەی بوو کەی ڕێگا درا تەنانەت یەك وێنەشی لە ڕێپێوانێك یان لە ژووری کاری هاوڕێیانی حیزب هەڵواسرێ. ئێستاش دەبینین وێنەی مەسعوود ڕەجەوی لە ماڵی بەرادەرانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا هەڵواسراوە. بۆیە ئەم ئیددیعایەشیان بێناوەرۆكو پڕوپوچ بووو خەڵك گاڵتەو پێکەنینی پێ دەهات.

د.قاسملووی نەمر لە ساڵی 1352 تا ساڵی 1368 کاتی شەهید بوونی 6 دەورە سکرتێری حیزب بووو لە هەر شەش دەورەکەدا سەرەتا بە دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو لە کۆمیتەی ناوەندیشدا بەدەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە سکرتێر هەڵبژێردراوە.

ئاغای ڕەجەوەی کە وێنەکانی، بە درێژی چەند میتریی لە تەزاهوراتەکاندا حەمڵ دەکرێو دروشمی ڕەجەوی ئێرانو ئێران ڕەجەوی گوێی مرۆڤی کەڕ دەکرد، ڕێبەری هەتاهەتاییو بێڕەقیبی موجاهیدین، با بفەرموون لە کام کۆنگرەدا هەڵبژێردراوە کە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ پەنایان بۆ برد. برایان ئێوە کامە ڕەخنەی چووکەتان لەم بارەیەوە لێگرت؟!

خاڵێکی دیکە لە بەیاننامە 10 خاڵی‌یەکەیان "هەوڵدان بۆ پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی"، ئارەزوویەك کە لە ماوەی تێکۆشانی سیاسی‌یاندا پێی نەگەیشتنو وەك دڵداری یەك لایەنە هەر بەو ئاواتو ئارەزوویە مانەوە. پەرتیی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لەوەدا بوو کە وڵاتانی سۆسیالیستی بۆ خۆیان تووشی

قەیرانێکی ئەوتۆ هاتبوون کە یەك لە دوای یەك تێك دەڕووخانو ڕەخنەیان لە رابردووی خۆیان دەگرت.
میخائیل گورباچۆف لەم بارەیەوە لە مانگی سەرماوەزی 1366ی هەتاویدا ڕایگەیاند: "ئەمڕۆ تەنیا بە مەرجێك لانی زۆری تێکۆشانی ئازادانەی تاکەکان (عنصر انسانی)و پەرەپێدانی هەرچی زیاتری شێوەکانی دیموکراتیك، کە لە تایبەتمەندی‌یەکانی سۆسیالیزمن، دەتوانین جوولانەوەی ڕوو لە گەشەی خۆمان بەرینە پێش. نێوەرۆکی سیاسەتی حیزبی ئێمە لە دەوری قووڵ کردنەوەو پەرەپێدانی هەرچی زۆرتری بەشداری خەڵك لە کارەکانی وڵاتدا دەسووڕێتەوە".
گورباچوف دەڵێ: "دیموکرسی بە ڕادەی هەوا بۆ ئێمە پێویستە"و لە درێژەدا دەڵێ: "کاتێ دیموکراسی سۆسیالیستی پەرە پێ دەدەینو دەیبەینە پێشێ، تواناکانی دەردەخەین، بۆ خۆ پاراستن لە دووپات بوونەوەی هەڵەکانی ڕابردوو گرینگترین گەرەنتی‌مان دەستەبەر کردوە".
بەڵام ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ هەر بە هیوا بوو کە وڵاتانی سوسیالیستی لایەکیان لێ بکەنەوەو ئاگایان لەم ئاڵوگۆڕو تێك ڕووخانانە نەبووو مەعلووم نەبوو لە چ خەوێکدا بوون.

بەشی سێهەم

ئەو کادرو پێشمەرگانەی کە لە گەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کەوتن هۆی جۆراوجۆری هەبوو، دەستەیەك لە شۆڕش ماندوو ببوونو لەڕویان هەڵنەدەهات واز لە شۆڕش بێننو لە ڕاستی‌دا لە دەرفەتێك دەگەڕان کە هەرچی زووتر کوردستان بەرەو ئورووپا بەجێ بێڵن، بۆیە پاش جیابوونەوە هەرچی زووتر بەرەو ئورووپا بەڕێ کەوتنو بە مەبەستەکەیان گەیشتن. لە گەڵ ئەم دەستەیە کۆمەڵێك لە بەرپرسانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوون وەك "کاك حەسەن ڕستگار"، "کاك جەلیل گادانی"، "حسێن مەدەنی"و چەند کەسێکی دیکە لەم بەڕێزانە کە بنەماڵەکانیان ڕەوانەی دەرەوە کردو خۆشیان پەنابەریی وڵاتانی ئوروپاییان وەرگرت و ساڵانە چەند مانگ دەگەڕانەوە بۆ ئوروپا (شۆڕش کردنی لەم چەشنە زۆر خۆشە).
دەستەی دووهەم: کەسانێك بوون کە ئیمکانی ماددی چوونە دەرەوەیان نەبوو یان هەر بڕوایان بە چوونە دەرەوە نەبوو، بەڵام توانای درێژەدان بە شۆڕشیان نەبوو بۆیە تەسلیمی ڕژێمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی بوونەوە.
دەستەی سێهەم: ئەو کەسانە بوون کە بە هۆی دژایەتی لە گەڵ یەکێك لە بەرپرسانی حیزب (ڕەفتارێکی بەجێ یان نابەجێ) لە گەڵ کاروان کەوتبوون کە پاش ماوەیەك بەشێکیان پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوە بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبو بە باوەشی ئاوەڵاوە وەرگیرانەوە.

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا بە داخەوە رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ دەستی لە ناوی حیزب هەڵنەگرتو لەوەش زیاتر گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێرانو دەستیان دایە تەبلیغ دژی ڕێبەرایەتیی حیزبو لەسەرەوەی هەموان شەهیدی نەمر د. قاسملو و د. شەرەفکەندیو بەردەوام خەریکی تەحریکاتو بەدگۆیی بوون بە حیزبو ڕێبەرە بە تواناکانیو ئەمە زەمینەی شەڕێکی نەخوازراوی رەخساند کە چەندین پێشمەرگە لە هەر دوولا بوون بە قوربانی ئەم سیاسەتە دیکتەکراوەی موجاهیدین بە رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ و بێگومان بەرپرسایەتیی ئەو شەڕەش هەر دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان.

پاش ڕۆیشتنی ئەم تاقمە لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبو پێکهێنانی حیزبێك بەناوی ح.د.ك.ا رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ تاقمێك لەنێو حیزبدا مابوونەوە کە بەهەر هۆیەك نەڕۆشتن، بەڵام خوا هەڵناگرێت تا گەڕانەوەی برایانی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بۆ نێو حیزب هەر دڵیان لە لایان بوو، هەر لەو کاتەدا کە رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بە هۆی ئەو سیاسەتە چەوتانەیانەوە لە لایەن حیزبەوە بایکۆت کرابوون، ئەم تاقمە لە حیزبدا دەستیان کردبوو بە پڕوپاگەندە بە قازانجی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، لە لایەکی دیکەوە بە نهێنی هاتوچۆیان دەکردنو لە بارودۆخی حیزب ئاگاداریان دەکردنەوەو بەکورتی دڵیان لە لای رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا بوو.

لە لایەکی دیکەشەوە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب بە هەر هۆیەك بوو خۆی بۆ ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی نەپاڵاوتبوو، لە کۆنگرەی نۆیەمدا خۆی بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی کاندیدا کردبووو بوو بەئەندامی کومیتەی ناوەندیو پاشان دەفتەری سیاسی پاش شەهید بوونی د. شەرەفکەندی کاك مستەفای هیجری بە سکرتێری حیزب هەڵبژێردراو مامۆستاش وەکوو جێگری سکرتێر هەڵبژێردرا. لەم دەورە لە تێکۆشان مامۆستا کە سەودای سکرتێری لەسەر دابووو ئەمەیان کەس بۆی بە عەیب نایگرێ، لە جیاتی هاوکاری سکرتێر دەستی کرد بە پڕوپاگەندە لە دژیو هەر کەم و کورِیەکی بچووکی بە دە قات گەورە دەکردەوە. ئامانج لەم کارەش پێکهێنانی جەوێك بوو بۆ ڕاکێشانی بیرو ڕای کادرو ئەندامان بۆ لای خۆیو بۆ ئەم مەبەستە لە هیچ شێوە تەبلیغێك لە مەسایلی شەخسیەوە بگرە تا تەبلیغی ناوچە گەرایانە درێغی نەدەکردو لە لایەکی دیکەوە تاقمی دڵ لە گرەوی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کە دۆستو نزیکی مامۆستاش بوون هاوتەریب دەستیان دابووە دەستی مامۆستاو بۆ پێکهێنانی جەوێك کە بتوانن کۆنگرە بەدەستەوە بگرن.

مامۆستاو برایانی دڵ لە گرەو دەستیان کرد بە تیۆرەوانی]!!و[، یەکخستنەوەی ماڵی گەورەی حیزبی دیموکراتیان هێنایە بەر باس، لە تەبلیغاتەکانیاندا وایان نیشان دەدا کە ئەوان بە پەرۆشی یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەنو بۆ گەیشتن بە ئامانج لە هەموو کەرەستەیەك کەڵکیان وەردەگرت، یەکێك لە پڕوپاگەندە سەیرو

سەمەرەکانیان ئەوە بوو کە گۆیا مێشکەکان لە لای رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕەوەن‌و هێزو توانایی لە لای حیزب، مێشك‌و هێزو توانایی کە یەك بکەوێتەوە جەهشێکی زۆر گەورە ڕوو دەدا. بەم تیئۆرییەوە تەبلیغی خۆیان دست پێ کرد تا لە کونفرانسەکانی کۆنگرەی 10 سەرکەوتن بە دەست بێنن. لە ئاکامدا مامۆستا کە توانیبووی لە کۆنفرانسی دەفتەری سیاسیدا زۆربەی کادرو پێشمەرگە ناوەندی‌یەکان یەك بخات، لە حەربەی ناوچەگەرایی کەڵکی وەرگرت‌و لە 22 نوێنەری ئەو کۆنفرانسە لە دەوری یەکەمدا 20 کەس دەنگیان هێنابووەو نەفەرێك لە سەقز بەرەو خوارو لە شنۆ بەرەو سەریان تێدا نەبوو. مامۆستا حیزبی بە سێ بەشی شیمال‌و جنووب‌و ناوەند دابەش کرد، دابەشکردنێك کە لە کۆنگرەی دەیەمەوە مامۆستا بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی داهێنەری بوو.
جنووبی‌و شیمالی‌یەکان ئێعترازیان لەو شێوە هەڵبژاردنە کردو مامۆستاش بۆ ئەوەی ڕیسەکەی لێ نەبێتەوە بە خوری چووە پشتی تریبۆن‌و داوای کردو ڕیشی لە گرەوی دەستەی سەرکەوتوو دانا، داوای لێ کردن کە دەنگ بە شەهید مەنسووری ناسری بدەن. لەئاکامدا شەهید مەنسور ناسری تەنیا دەنگی پێدراو نەفەری دواییش هەر لە جەناحی مامۆستا هەڵبژێردرا. جیناح بەندی‌یەك کە عەبدوڵڵا حەسەنزادە داهێنەری بوو لە کۆنگرەی دەیەمەوە بە شێوەی ڕەسمی دەستی پێ‌کردو تا کاتی جیابوونەوەیان لە ڕێکەوتی 1385/9/15 هەر درێژەی پێ دا،. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە دەقی ئێعترازنامەیەك دەکەوێتە بەر چاو کە ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی ئەو کاتی ناوچەکانی جنووب‌و شیمالی کوردستانی ئێران نووسیویانە. پاش سەرکەوتنیان لە کۆنگرەی دەیەم بەردەوام بەدوای نووسەری ئەو نووسراوەیەدا دەگەڕان، بۆ ئەوەی تۆڵەی لێ بکەنەوە، لەو پێوەندی‌یەدا چنوور مێهرپەروەر کە گومانی تایپ کردنی نووسراوەکەیان لێ کردبوو بانگهێشت کرابووو کەوتبووە بەر هەڕەشەو گوڕەشەی تاقمی سەرکەوتووی کۆنگرەی دەیەم.
ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە:
بەڕێز کومیتەی ئامادەکردنی کونگرەی 10
وێڕای سڵاو!
ئێمەکادرو نوێنەرانی پێشمەرگە بەشدار لە کۆنفرانسی ئۆرگانەکانی دەور و بەری دەفتەری سیاسی بە پێویستمان زانی ڕوونکردنەوەو سکاڵای خۆمان لەمەڕ ئاکامی کونفرانسی دەفتەری سیاسی بە ئاگاداری هەموو هاوڕێیانی حیزبی بگەیەنن‌و ئاکامی ئەم شێوە کارە لە داهاتوودا بخەینە بەرچاوو ڕوونی بکەینەوە کە چ کاردانەوەیەکی زیانباری بۆ جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەبێ.
وەك دەزانن ئێستا ناوچەبەندیی حیزبی ئێمە بە سێ ناوچەی شیمال، جنووب‌و ناوەند دابەش کراوەو بەرینایی جنووبی کوردستان بریتییە لە سێ ئوستانی ئیلام، کرماشان، سنەو ناوچەی شیمالی کوردستانیش لە ورمێ‌و سەلمَاس پێك هاتوە،

بەمجۆرە دەردەکەوێ هەر چەشنە کەم لوتفیو دەرکردنێکی کادرو پێشمەرگەکانی ئەم ناوچانە شوێن لە سەر باقی کادرو پێشمەرگەکانی ئەم ناوچانەش دادەنێ، دەشزانین ئاواتو تەقەلاکانی کۆماری ئیسلامی تەفرەقە خستنە نێو ڕیزەکانی حیزبو پێکهێنانی ناوچەگەرایی لە نێو حیزب دایە. ئەم مەسەلەیە چەندین جار دڵسۆزانە لە لایەن ژمارەیەك لە کادرەکان خراوەتە بەر چاو، کۆبوونەوەکانی کادرو پێشمەرگەکانی ئۆرگانەکانی دەفتەری سیاسیو ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، لە ئاکامی زیانباری ئەم کردەوانە ئاگادار کراونەتەوە، کەچی بە داخەوە دوو مانگو بگرە چەند مانگ پێش لە پێکهێنانی کونفرانسی کادرو نوێنەرانی پێشمەرگە لە دەفتەری سیاسی، جموجۆڵی دەستەبەندیو باندبازی لە نێو ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی ئۆرگانی دەفتەری سیاسی دەستی پێ کردو لە هەموو شێوە تەبلیغێکی نامەسئوولانەو "تحریکێ‌میز" خۆیان نەپاراستو کەموکوڕییەکانی کادرێکی جنووب یان شیمالی کوردستانیان بە سەدان بەرانبەر گەورە کردەوەو لە ئاست هەموو کەموکوڕییەکانی ناوەندی کوردستان خۆیان پاراست، مەبەست لەم شێوە تەبلیغە شکاندنی کەسایەتی کادرەکانی ئەم ناوچانە بوو. ئاکامی ئەم شێوەیە بوو بە هۆی ئەوە، لە هەڵبژاردنی 22 نوێنەری پێشمەرگەکان لە ئۆرگانەکانی دەورووبەری دەفتەری سیاسی تەنانەت یەك "پێشمەرگە"ی جنووب یان شیمال هەڵنەبژێردراو هەر 22 نوێنەری پێشمەرگە لە پێشمەرگەکانی ناوەند بوون.

پاش مەرحەلەی یەکەم لیستەیەکیان کە بریتی لە 22 کەس بوو بە کادرەکانی ناوەند مەعرەفی کردو داوایان کرد تەنیا بەو 22 کەسە دەنگ بدرێ. لە جەرەیانی کونفرانسدا لە لایەن هاوڕێ کاك سەلیم شکاك لە سەر ئەم لیستەیە ئیفشاگەری کراو لە کونفرانسەکەدا بەشدارانی لیستەکە بە سازکردنی هەراو هوریا ڕایانگەیاند کە ئەو قسەیەی کاك سەلیم ڕاست نیە. بەڵام ڕووداوەکانی دوای کونفرانسو دەنگ هێنانەوەی هەر 22 کەسی بەشدار لە لیستەکەدا دەری خست کە قسەکانیان تا چ ڕادەیەك بێ‌پایەیە.

هاوڕێیانی بەڕێز!

مەبەستی ئێمە ئەوە نیە کە لیستەدان شتێکی خراپەو نابێ هەبێ، تەنانەت مەبەستی ئێمە ئەوەش نییە کە فەعالییەتی ئینتخاباتی ئازاد نەبێ، ئێمە پێمان وایە هەر چەشنە لیستەدانو فەعالییەتی ئینتخاباتی ئەگەر تۆزقاڵێك مەسڵەحەتو بەرژەوەندی حیزب لە بەرچاو بگیرێ، ڕەوایەو قسەیەکمان نییە، بەڵام چۆن شێوەی ئامادەکردنی لیستەکە بە جۆرێك بوو کە تەنانەت یەك نەفەر لە کادرەکانی جنووبو شیمال تێیدا بەشدار نەکرابوونو هەموو بەشدارانی لیستەکە تەنیا لە هاوڕێیانی ناوەندی کوردستان بوون. بەمجۆرە دەرکەوت کە ئەم هاوڕێیانە تەنانەت یەك زەڕەش بەرژەوەندی حیزبیان لە نەزەردا نەبووە، تۆ بڵێی

لە کادرو پێشمەرگەکانی جنووبو شیمالی کوردستان تەنیا یەك دوو کەسی دڵسۆز گیر نەکەوتبێ کە لە لیستەکەدا بەشدار بکرێنو لیستەکە ڕەنگی ناوچەگەرایی پێوە دیار نەبێ. لە لیستە 24 کەسییەکەدا نەفەری وا بەشدار کرابووو دەنگی پێ درابوو کە لە تاقمی حەوت کەسی بووەو یەك تا دوو ساڵە هاتۆتە نێو ڕیزی حیزبو نەفەری وای تێدا بووە کە بارگەو بنەی ڕۆیشتن بەرەو ئورووپای پێچاوەتەوە کەچی ئەوان دەنگ دێننەوەو دەیان کادری 15و 16 ساڵەو دڵسۆز دەنگ ناهێننەوە. ئەمەیە مەسڵەحەت پارێزیی حیزب؟ ئەمەیە سەداقەتی شۆرشگێڕانە؟ ئەمەیە بەرپرسایەتی لە بەرامبەری شۆرشی گەلی کورد؟
داوا لە هەموو کادرو پێشمەرگەکانی دڵسۆزی حیزب دەکەین لە بەرامبەر ئەم شێوە کارە کە ئاکامەکەی زیان گەیاندن بە جووڵانەوەی گەلی کوردە، هەڵوێست بگرنو پێش لەم حەرەکەتە نالەبارە بگرن.

وێنە بۆ هەموو ئورگانو کومیتەو مەڵبەندەکان
ڕێکەوتی 8/12/ 1373
بە ئیمزای 30 کادر

کۆنگرەی دەیەم لە ڕێکەوتی 74/1/23 لە مەقەڕی حیزبی شیوعی لە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو. گرتنی کونگرەی 10 زۆر بە نهێنیو لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە کۆماری ئیسلامی بە دوای جێگای گرتنی کۆنگرەدا دەگەڕا، کۆنگرە تا ڕۆژی 74/1/30 کە کۆتایی بە کارەکانی هات شوێنەکەی بە تەواوی نهێنی بوو، ئەلحەق برایانی حیزبی شیوعی بۆ پاراستنی ئەمنییەتی کونگرە ئەو پەڕی زەحمەتیان کێشا کە جێگای پێزانینو سوپاسە.
یەکێك لە باسەکانی کۆنگرە باس لە پێوەندییەکانی حیزب لە گەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو کە لە قەتعنامەی کۆتایی کۆنگرەی دەیەمدا بەندێك لەم بارەیەوە لە سێ خاڵدا پەسەند کرا کە ئەمە دەقی خاڵە پەسند کراوەکانە:
أ. دەرگای وتوویژ لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بکرێتەوەو ئەو بایکۆتە کە تا ئێستا لە سەریان بووە، هەڵبگیرێ.
ب. کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دەیەم هەوڵ بدا لە ڕێگای وتوێژەوە ئەم گیرو گرفتە بەپێی ئوسووڵو بەقازانجی حیزبو بزووتنەوە چارەسەر بکا.
ج. ئەگەر ئەوان بە بێ قەیدو شەرت، بەوجۆرە کە کومیتەی ناوەندی موافقەتی لەسەر دەکا بگەڕێنەوە نێو حیزبو لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا وەك هەموو کادرو ئەندامێکی حیزب چاویان لێ بکرێو حورمەتیان بپارێزرێ.
لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێبەرایەتی کۆنگرەی نۆیەم کە لە جیناحی مامۆستا نەبوون دەنگیان پێ نەدراو لە ئەندامەتی

کومیتەی ناوەندی کەوتن و لەباتیی 19 کەس کە بڕیاردرابوو بۆ ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێن 20 کەس دەنگیان هێنایەوە کە نەفەری بیستەم کاك سادق زەرزا بوو، لەبەر ئەوەی لە ئوروپا دەژیاو ئەو کات زۆرتر گرینگی بە کوردستان دەدرا ناوبراو لە لیستەکە حەزف کرا، بەم چەشنە 19 کەس بوون بە ڕێبەرایەتیی حیزب، 11 کەس لە لای ماموستاو 8 کەس لە لایەکەی دیکە کە بەقەولی ماموستا دەیفەرموو نازانم بۆ ئەم هەشت کەسە جارێك نەبوون بە حەوت، بەرانبەرەکانیشی دەیانگوت هەر وەك یازدە کەسەکەش جارێك نەبوو بە10 ئەو 11 کەسەش کە هەڵبژێردرابوون بێجگە لەماموستاو سێ کەسی دیکەیان ئەوانەی دیکە مێژینەی هەڵبژێردرانیان بۆ ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی نەبوو هەموویان یان کادری دەرەجە 3 یان دەرەجە 4 ی حیزب بوون، لە سالۆنی کونگرەدا ماموستا بە سکرتێر هەڵبژێردراو کاك مستەفا هیجری ماموستای وەك سکرتێری تازە بە کونگرە ناساندو گەڕاینەوە بۆ بنکەکانی حیزب. بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسیو جێگری سکرتێر لە چوار ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە لایەکەی دیکە کەڵکی وەرگرت، ئەمە نەك لە بەر مایەدانان بوو بۆیان، بەڵکوو تەنیا لە بەر ئەوە بوو ئەو کەسانە کە بەڕێزی کردبوونی بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ناسراوەتییەکی ئەوتوویان نەبووو خەڵك نەیدەناسینو ئەمە زیانی بۆ مەسئوولیەتی ماموستا هەبوو، ڕەنگە ئەو پێی وابووبێ ئەگەر ئەو 4 هاوڕێیە نەیەنە دەفتەری سیاسی کارەکانی بۆ ناچنە پێشێ، بەتایبەت لە رادەی کارلێهاتوویییان ئاگادار بوو. ئەم خۆ ڕانانە لە کاتێکدا بوو کە پاش کۆنگرەی دەیەم من بەبەرپرسی پەیوەندی هەولێر دیاری کرام . ماموستا سەعد عەبدوڵڵای شەهید بەرپرسی بوو، پاش چاك و چۆنی بە منی گوت: "ئەم حیزبەی ئێوە زۆر سەیرە "، منیش کە نەمدەزانی مەبەستی لە دەربڕینی ئەم وتەیە چییە، لێم پرسی سەیر لە چ دایە، ماموستا سەعد لە وەڵامدا وتی: "لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا هەرکات کە سکرتێری حیزبێك گۆڕاوە، سکرتێری کۆن حیزبەکەی تێك داوە، کەچی ئێستا سکرتێری پێشوی ئێوە بۆتە هاوکاری سکرتێری تازە و ئەمە لەنێو حیزبە کوردستانی یەکان دا شتێکی تازەیە". ئەمە بۆمن جێگای شانازی بوو ، خۆزگە ئەو کارە کە کاك مستەفای هیجری کردی، ماموستاش کردبای بۆئەوەی ئەزمونەکەی ماموستا سەعد لەو پەیوەندی یەدا لەسەر حیزبی ئێمە وەڕاست نەگەڕابا .

پاش کونگرەی دەیەمو ئێستاشی لە گەڵدا بێ ماموستا ژستی ئەوە بەم هەڵبژاردنەوە دەگرێ کە گوایە بەڕێزی 4 کەس لە لایەنی بەرامبەری خۆی کردوە بە ئەندامی دەفتەری سیاسی، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ماموستای دێموکرات هەرکات لە دەفتەری سیاسی نەزەری سەر نەکەوتبا کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی پێك دەهێناو بە ئامازەیەك نەزەری خۆی دەنیشاندە سەر کورسی.

وەك باس كرا یەكێك لە بڕیارەكانی كۆنگرە كە لە سێ بڕگەی "الفو بو ج"دا پەسند كراوە، بۆ چارەسەری كێشەی ئەو كادرو پێشمەرگانە بوو كە كاتی خۆی لەژێر ناوی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا لە حیزب جیا ببوونەوە.
لە كاتی بەڕێوەچونو درێژەی كۆنگرەی دەیەمدا لەسەر ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ دوو بۆچوون هەبوون:
بۆچوونی یەكەم بۆچوونی ڕێبەرایەتی پێشو بوو كە پێی وابوو دەبێ ئەو بایكۆتە لە سەریانە هەڵبگیرێ.
بۆچوونی دووهەم لە كونگرە وایان دەنواند كە ئەوان دەیانهەوێ كێشەكە چارەسەر بكەن بە بێ ئەوە میكانیزمی ئەو چارەسەرییە دیاری بكەنو بەگشتی لە هێنانی بڕگەكانی قەتعنامەكەشدا ئەم مەسەلەیە بە ڕوونی دەردەكەوێ.
پاش كنگرەی دەیەم یەكێك لە باسە گەرمو گوڕەكانی كۆبوونەوەی كومیتەی ناوەندی هاتنەوە یان نەهاتنەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو، دەستەی یەكەم پێیان وابوو بە گەڕانەوەی ئەو برادەرانە نەك كێشەی حیزب چارەسەر نابێ، بەڵكوو بە هۆی ڕقو قینێك كە ئەو برایانە لە حیزب هەیانە گەڕانەوەیان بۆ نێو حیزب كێشەی تازە دەخولٌقێنێو باشتر وایە كە بایكوتیان لەسەر هەڵبگرینو هاتوچۆی یەكتر بكەین، ئەگەر پاش یەك دوو ساڵی دیكە بەو قەناعەتە گەیشتین هاتنەوەیان بەقازانجە، ئەوكات بڕیاری لەسەر دەدەینو بواریش بۆ ئەو بڕیارە دەڕەخسێنین.
بۆچوونی دووهەم: بۆچوونی جیناحی سەركەوتوو لە كۆنگرەی دەیەم بوو كە دەیانگوت بە گەڕانەوەی ئەوان بنەماڵەی گەورەی حیزب دەكەوێتە سەر یەكو مێشكەكان دەگەڕێنەوە!؟ بە كورتی حیزبی پێی بەهێز دەبێ. دیارە بە هۆی ئەوەی كە ئەو جیناحە زۆرایەتییان لە كومیتەی ناوەندیدا هەبوو لە ئاكامدا بەبێ گوێدانە نەزەراتی كەمینە بڕیاری هێنانەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیان داو كەمایەتیش كەمایەتییەكی مونزەبیتو دێموكرات بوو، هەر چەند كە ئەم بڕیارەی بە قازانجی حیزب نەدەزانی ملی بۆ بڕیاری زۆرینەی كومیتەی ناوەندی ڕاكێشا.
پاش ئەو باسە جیدیو گرینگە بڕیاری دیاریكردنی هەیئەت بۆ هێنانەوەی ڕێبەرایەتی دراو سێ كەس وەك هەیئەت دیاری كران كە هەر سێ كەس لە كەمایەتی كومیتەی ناوەندی بوون (حەسەن شرفی، تەیمور مستەفایی، سلێمان كەڵەشی)، هەیئەتی بەرانبەریش (فەتاح كاویان، حسێن مدنی، كەماڵ كەریمی). وەفدی حیزب هەرچەندە هەرسێ كەسەكەیان لە موخالیفینی هاتنەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوون، بەڵام چونكە بڕیاری كومیتەی ناوەندی بوو سەرەڕای ناڕازی بوونیان، ئەم مەئمووریەتەیان قەبووڵ كرد. پاش ماوەیەك كاك قادر وریاش بە هەیئەتی كومیتەی ناوەندی حیزب زیاد كراو بەم چەشنە هەیئەتی هێنانەوەی ڕێبەرایەتی بوون بە 4 كەس. دوای باسێكی زۆرو چەند جەلەسە هاتوچۆی

هەردوولاو هێنانەوەی نەزەرەکان بۆ دەفتەری سیاسی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ هاتنەوە نێو حیزبو وەك كادرو پێشمەرگەی و بەبێ بەرپرسایەتی لە فێرگەی حیزبەوە پێشوازی‌یان لێ کرا کە ئەم شێوە هێنانەوە زۆر مانادار بوو.

لە شتە سەیرو سەمەرەکانی هێنانەوەی ڕێبەرایەتی ئەوەبوو مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕێکەوتننامەیەکدا لە نێوان حیزبو رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ ناوی رێبەرایەتیی شۆرشگێری لە گیومەیەك هاویشتبوو بە مانای بە ئیستیلاح "رێبەرایەتیی شۆرشگێڕ". بەڵام لە بەر ئەوەی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ تازە کەسی بە دەورەوە نەمابوو تەنانەت ئەوەندەیان خەڵك نەبوو کە پارێزگاری لە بنکەی ڕێبەرایەتییەکەیان بکەن‌و لە باری ماددیشەوە کاتێ گەڕانەوە بۆ نێو حیزب زۆر قەرزار بوون‌و هەموو کەرەسەی خۆیان بۆ خەرجی خۆیان فرۆشتبوو، حیزب ناچار بوو قەرزەکەیان بداتەوە، بۆیە لە خودایان دەویستو ناچاربوون بە هەر شێوەیەك بێ بگەڕێنەوە بۆ نێو حیزبو بەمجۆرە لە تواندنەوە ڕزگاریان بوو. لە قسە سرنج ڕاکێشەکانی ئەم دەورەیەو تەنانەت دواتری مامۆستاش ئەوە بوو کە "دەیانهێنمەوەو دەیانتوێنمەوە"؟!

رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ هاتنەوە، بەڵام هاتنەوە تا جارێکی دیکە لە جیابوونەوەیان لە پاش کۆنگرەی سێزدەهەم کە ژمارەیان لەنێوان 25 تا 30 کەس بووو، هەموویان ئەندامەتیی رێبەرایەتییان دەویست، وەك گرووپ لە نێو حیزبدا مانەوەو قەت تێکەڵ نەدەبوونەوە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییە لە جیابوونەوەی رێکەوتی 1385/9/15یان تەنانەت تاقە نەفەرێکیان لە کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نەمایەوە.

لەنێوان کۆنگرەی دەیەم تا کۆنگرەی سێزدەیەم کێشەو دووبەرەکایەتی لەنێو حیزبدا بەردەوام بووو لێرەش مەبەست لە نوسینی ئەم وتارە نووسینی مێژوو نیە تا هەموو ڕووداوەکان تۆمار بکەین بەڵکو زیاتر لەسەر ئەو بابەتانە دەدوێین کە هۆکاری جیابونەوەکانی نێوخۆی حیزبی دیموکراتن‌و ئەم کێشانە هەر چەند هەبوون بەڵام بە هۆی هەست بە بەرپرسایەتی کەمینەی کومیتەی ناوەندی لەو سێ کۆنگرەیەداو نەبردنە دەرەوەی کێشەکان، زۆرایەتی حیزب بڕیاری لە سەر کارەکان دەداو دەیبردنە پێشێ‌و ئەم بێدەنگییە هیچ کات بە مانای نەبوونی کێشە لە نێو حیزبی دێموکراتدا نەبووە.

چیرۆکی گرتنی کۆنفرانسەکانی حیزب لەم دەورانەدا کە مامۆستا سکرتێر بوو،و زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندیی بەدەستەوە بوو، خۆی چیرۆکێکی دوورو درێژو باس هەڵگرە، بۆیە لەم بارەشەوە نادوێین بەڵام بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ کرۆکی باسەکە ئاماژە بە چەند بڕیاری پێش کونگرەی دوازدەهەم بە پێویست دەزانم:

یەکەم: لەنێوان کونگرەی دوازدەهەم و سێزدەهەمدا چەند لاوێك کە لە دووبەرەکایەتی حیزب وەزاڵە هاتبوون‌و لە جیناحی کەمایەتی کومیتەی ناوەندی

بوون، لە لای خۆیانەوە لە داهێنانێکی دڵسۆزانەدا بڕیاریان دابوو ڕەوتی بێلایەنی پێك بێنن تا بەڵکوو کاریگەری لە سەر ڕووداوەکانی حیزب دابنێن. لە حەرەکەتێکی پۆلیسی ماهیرانەدا؟! ئەم هاوڕێیانە لەلایەن دەفتەری سیاسیو کومیتەی ناوەندیەوە کەوتنە بەر موحاکمە کردنو ئەگەر ئیعترازی ئەودەمی کەمایەتیی کومیتەی ناوەندی نەبا هەموویان لە قۆناغی یەکەمدا زیندانیو دەردەکران، تەنانەت بە خائینیش لە قەڵەم دەدران، بە هەڵوێست گرتنی کەمایەتی کومیتەی ناوەندی دەرنەکران، بەڵام بۆ هەرکام دوو سزایان بۆ دیاری کرد. بۆ وێنە عەلی جەوانمەردی کە کادر بوو پلەی کادریەکەی لێ وەرگیرایەوە 6 مانگیش هەڵپەسێردرا و پاشانیش لەسەر کارەکەی لە ڕادیۆ لابرا کە ئەم چەشنە سزادانە (دیاریکردنی دوو سزا) لە گەڵ ئەساسنامەی حیزب یەکی نەدەگرتەوە، پاش ئەم سزایە وا ژیانیان لەم ژمارە کادرو پێشمەرگە تەنگ کردبوو کە هەموویان ریزی خەباتیان بەرەو هەندەران بە جێ هێشت، ئێستاش کە ئێستایە ژمارەیەك لەو هاوڕێیانە نەیانتوانیوە لە تورکیەڕا بڕۆنە وڵاتێکی دیکەو لە کەش و هەوایەکی زۆر نالەباردا ژیان دەبەنە سەر.

بڕیاری دووهەم: چیرۆکی لابردنی وێنەی شەهیدان د. قاسملووو د. شەرەفکەندی بوو. لە بڕیارێکی دەفتەری سیاسیدا ڕاگەیەندرابوو کە لە مەقەڕەکانی حیزب تەنها دەبێ وێنەی پێشەوا قازی محەممەد هەڵواسرێ، لە موافیقو موخالیفی دەفتەری سیاسی ئاگادار نیم، بەڵام ئەم بڕیارە لە نێو بەدەنەی حیزبو ئەندامانی کومیتەی ناوەندیدا کاردانەوەیەکی زۆر خراپی هەبوو. لە یەکەم کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی پاش ئەم بڕیارە مەسەلەی لابردنی وێنەی ئەو دوو شەهیدە سەرکردەیە هاتە بەر باسو ئەو بڕیارە بە بڕیارێکی نادروست زانرا، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ دیفاع لە بڕیارەکەیان لە وەڵامی پرسیاری ئەندامێکی کومیتەی ناوەندیدا کە وتی: "هۆی لابردنی وێنەی ئەو ڕێبەرانە چیە" ڕایگەیاند کە جامخانەی دانەناوە، ئەم وەڵامە کومیتەی ناوەندی قانیع نەکرد. ئەمجار حەسەن ڕستگار (دژەبەری هەمیشەیی ئەو سەرکردانە) هەر لەو پێوەندیەدا وەڵامی دایەو گوتی: "لە نێو هەر میللەتێکدا سونبولێك هەیە، سونبولی میللەتی کوردیش قازی محەممەدە، ئەی نابینن ئەوە یەکێتیو پارتیش تەنیا عەکسی قازی محەممەد لە تلیڤیزیونەکانیان نیشان دەدەن"؟! ئەم ئیستدلالانە سەیرو جێی سەرنج بوون، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە وەڵامدا وتیان: "لە ناو میللەتێکدا دەتوانێ چەند سونبولێك هەبێت، ڕاستە قازی محەمەد سونبولی میللەتی کوردە بەڵام د.قاسملووش سونبولی ئەم میللەتەیە، ئەی نابینن هەتا ئێستاش لاوانی وڵات بە دروشمی "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" قاسملووو شەرەفکەندیان کردۆتە سونبولی خەباتو تێکۆشانی خۆیان، بۆیە لە لایەك میللەتێك دەتوانێ چەند سونبولی هەبێ، لە لای دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێبەرانەی تیرۆر

کردون ، ئێوەش دەتانهەوێت حەزفی سیاسییان بکەنو ئەمە قبووڵ ناکرێت. بوونی وێنەی شەهیدان د. قاسملووو د. شەرەفکەندی نیشانەی دڕندەیی کۆماری ئیسلامیو مەزلوومییەتی میللەتی کوردە، ئەوە کە ئێوە کردوتانە، شتێکی بە بەرنامەیەو قبووڵ ناکرێ"و لە درێژەی ئەو باسەدا هاوڕێیەکی کومیتەی ناوەندی ڕووی لە مامۆستا کردو پێی وت "مەگەر منو تۆ پێکەوە نەچووینە سەفارەتی فەرانسە، مەگەر هەموو ڕێبەرانی فەڕانسە وێنەیان هەڵنەواسرابوو، ئەی سەفارەتی هیند مەگەر وێنەی هەموو ڕێبەرانی هەڵنەواسرابوو، بۆ ئەوانیش جامخانەیان دانابوو یان هەڵواسینی وێنە نیشانەی ڕێزلێنان لە خزمەتی گەورە پیاوانی میللەتێکە"، بە کورتی دوای کێشەیەکی زۆر بڕیارەکە ڕەت کرایەوەو لەو ڕۆژەوە بڕیار درا کە وێنەی هەر سێ شەهید لە مەقەڕەکانی حیزبیدا هەڵواسرێ، بەڵام خوا هەڵناگرێ لە هەر ئورگانێکدا کە برایانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بەرپرس بوون قەت وێنەی ئەو دوو شەهیدەیان هەڵنەواسی.
بڕیاری سێهەم: هێنانی گەڵاڵەیەك بوو لەلایەن بەڕێز کاك باباعەلی مێهر پەروەرەوە. لەم گەڵاڵەیەدا کە پێش لە کۆنگرەی سێزدەهەمو لەو کاتەدا کە کاك باباعەلی مێهرپەروەر بۆ بە سکرتێر بوونی خۆی تەبلیغی پێوە دەکردو تەنانەت خستییە سەر سایتە ئینتێرنێتییەکانو ڕەنگە زۆر کەسیش خوێندبێتیەوە. ئەوەش کە لە فیکری کاك باباعەلیدا هاتبوو هۆی کێشەکانی نێو حیزبی دێموکرات هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتییە و لە نەزەر ئەم هاوڕێیەوە ئەمە میکانیزمێك بوو بۆ لابردنی کێشە نێوخۆییەکان، لەو تەرحەدا زۆر معیارو پێوانە وەك ڕابردووی حیزبی، ڕادەی خوێندەواریو چەشنی بەرپرسایەتی وەك پێوانە ئیمتیازیان بۆ دیاری کرابووو بە پێی ئەو ئیمتیازانە ئەندامانی ڕێبەرایەتی لە لیستەی فیکسدا هەڵدەبژێردران، لیستەی فیکسێك کە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ جارێك بە بیانووی ئەوەی کە لیستەی فیکس دێموکراتیك نیە حیزبیان بە جێ هێشتبوو، لە کاتێك لیستەی فیکسی کونگرەی 8 لە لایەن کونگرەوە قبووڵ کرابووو دێموکراتیك بوو بەڵام لیستەی فیکسی ئەمجارە لەلایەن هیچ کۆبوونەیەکەوە پەسند نەکرا، هەر لە سەرەتاوە ڕێبەری دەبوا بۆ خۆ هەڵبژاردنەوە تەوافوقیان کردبا، بە بوونی ئەم گەڵاڵەیە دەنگی ئەندامانی حیزبو کونگرەماناو مەفهومی نەدەما. بە قسەی خودی کاك باباعەلی کە لە دوای پەسەند کردنی گەڵاڵەکە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە بڕیاری لەسەر درابوو، لە کۆبوونەوەیەکدا رایگەیاند ئیتر بازاڕی بورسی دەنگدان کۆتایی پێهاتو ڕوو لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە وتی: "ئیتر دەنگەکانتان بنێنە گیرفانتان". ئەم چەشنە ئاخاوتنەی کاك باباعەلی دژکردەوەیەکی زۆر توندی بەدەنەی لێ کەوتەوە. ئەم گەڵاڵەیە کە بە ناو بۆ چارەسەری دووبەرەکیو لابردنی بانێكو دوو هەوا لە نێو حیزبدا هاتبوو نەیتوانی ئەو گرفتە کەم بکاتەوە، بە داخەوە دوای ئەم گەڵاڵەیەش بانێكو دوو هەوای

ماموستاو ڕەفیقەکانی کۆتایی پێنەهاتو ئێمەش کە بەو مەرجە دووبەرەکی کۆتایی پێ بێ لە گەڵ گەلاڵەکە موافیق بووین، پەشیمان بووینەوە، باشم لەبیرە یەکێك لە کادرەکانی حیزب دەیگوت بەم تەرحەوە "هابرماس" بێتە نێو حیزب قەت ناتوانێ ببێتە ئەندامی کومیتە ناوەندی.

موخالیفی سەرەکی ئەم گەلاڵەیە بەڕێز کاك مستەفای هیجری پێی وابوو کە ئەو گەلاڵەیە ڕوحی دیموکراسی لە حیزبدا کە دەنگی ئەندامانی حیزبە دەکوژێو ئاکامی ئەم گەلاڵەیە دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕێبەرایەتی لە نێو بازنەیەك لە بەساڵاچواندا بسوورێتەوە، ئەو لاوە خوێندەوارانە کە ڕوو دەکەنە حیزب قەت ناتوانن واریدی بازنەی ڕێبەرایەتی حیزب بنو نەبوونی لاوانیش لە بازنەی ڕێبەرایەتی‌دا بۆ دواڕۆژی حیزب فاجعەی لێ دەکەوێتەوەو لە لایەکی دیکەوە ئەو ئەندامانەی ڕێبەرایەتی کە پیردەبن لە نیهایەتدا کاریان پێ ناکرێ کە ئەمە لە دواڕۆژدا بۆ حیزب بۆشایی پێکدینێ کە لەم بارەوە چەند ئەندامێکی کومیتەی ناوەندیش هاوڕای کاك مستەفا بوون.

کاك مستەفا لە کۆبوونەوەکەدا ڕایگەیاند ئەو بۆ نەزەری خۆی تەبلیغ دەکاو ئامادەش نیە بۆ ئەو گەلاڵەیە تەبلیغ بکا.

ماموستاش کە پێی وابوو دەتوانێ لە کۆبوونەوەیەکی گشتی‌دا لەسەر قسەکانی کاك مستەفا قسە بکاتو لەو حاڵەتەدا کادرو پێشمەرگەکان لایەنگری لە قسەکانی ماموستا دەکەن بەمجۆرە مەبەستەکەی دەباتە پێش، فشاری هێنا کە کاك مستەفا لە ساڵۆنی گشتی کۆبوونەوە بگرێت. ئەو کات کاك حەسەن ڕەستگار موخالیفی گرتنی کۆبوونەوە لە لایەن کاك مستەفاوە بوو. لە ئاکامی پێداگرتنی ماموستادا کاك مستەفا کۆبوونەوەیەکەی گرتو قسەکانی خۆی لە کۆبوونەوەیەکی گشتی (ئێستا فیلمی ئەم کۆبونەوەیە لە ئارشیودا هەیە) باس کردو ئەم کۆبوونەوەیە لە گەڵ پێشوازی گەرمی بەشداران بەرەوڕوو بوو. چیرۆکێك کە چەند ساڵە ماموستاو لایەنگرەکانی ناوی دەستەبەندی نهێنی کاك مستەفای هیجری‌یان لەسەر داناوەو بە خیانەتی دەزانن کە گوایا کۆنگرەی دوازدەهەم بڕیاری داوە دەستەبەندی نهێنی خیانەتە!. باشە خوێنەری ئازیز ئەگەر کۆبوونەوە لە سالونێکی 500 کەسیدا دەستەبەندی نهێنی بێ ئەی ئاشکراکەی چۆنە؟!

دیاریکردنی میکانیزمەکانی گرتنی کونفرانسەکانو چاوەدێری بەسەر ئەو کونفرانسانەداو هەموو ئامادەکاری‌یەکان بۆ کۆنگرەی سێزدەهەم لە لایەن زۆرینەی کومیتەی ناوەندی‌یەوە دیاریکراو کونگرە لە ڕێکەوتی 13ی پووشپەڕی ساڵی 1383دا دەستی پێ کرد. لەو کونگرەیەدا 78% بەشدارانی هەڵبژێردراو لە بەرەی بەرانبەری زۆرایەتی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی دوازدەهەمدا بوون، ئەم ڕادە لە نوێنەرانی هەڵبژێردراو بە نیشانە ڕکوودی سیاسی تەشکیلاتی‌و نەبوونی مودیریەتی زۆرایەتی ڕێبەرایەتی کۆنگرەی دوازدەهەم بەتایبەتی

شەخسی یەکەم لێك دەدرێتەوە، ئەمە ڕیفراندۆمێك بوو بۆ بۆ ئەو سیاسەتانە کە ئاکامەکەی هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندیی کونگرەی سێزدەهەمی لێ کەوتەوە.

**بەشی چوارەم**

حیزب کە لەماوەی سێ کۆنگرەی دەیەم یازدەیەم و دوازدەهەمدا دووچاری جۆرێك رکود (راوەستان) ببوو نوێنەرانی کۆنگرەی سێزدەهەم بڕیاری خۆ نوێ کردنەوەو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕو خۆ تەیارکردنیان بۆ ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشهاتەکانی داهاتوو دەدا و لەم کۆنگرەیەدا دروشمی حیزب لە خودموختاریەوە گۆڕا بۆ فیدراڵیزم، بڕیاری هەڵدانی ئاڵای کوردستان لەناو بنکەکانی حیزبدا پەسەند کراو کومیتەی ناوەندی مەئمورکرا کە پاش کۆنگرە کاری دیپلۆماسیو پێوەندییەکانی حیزب بەهێز بکاو چەندین کارو بابەتی دیکە بۆ جێبەجێکردن وەك ئەرك خرایە سەر شانی کۆمیتەی ناوەندیو بەم جۆرە کۆنگرە دوای قسەو باسێکی تێروتەسەل بڕیاراتی پێویستی پەسەند کرد. نوێنەرانی کەمایەتی لە کۆنگرەدا کە 22 % نوێنەرانی کۆنگرە بوون، لەنێو سالۆنی کۆنگرەدا بە حەرەکەتی جۆراوجۆر هەوڵی تێکدانی کۆنگرەیان دەدا. عەبدوڵلا حەسەنزادە دووجار سالۆنی کۆنگرەی بەجێ هێشتو مەبەست لەم بەجێهێشتنە، تێکدانی کۆنگرە بوو کە بەخۆشییەوە ئەم هەوڵەی بۆ نەچووە سەر. لە هەوڵێکی دیکە لەکاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیدا، بەڕێزی ئەوپەڕی هەوڵی دا کە خەڵك خۆیان بۆ ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندی کاندیدا نەکەن، کە لەمەشیاندا هەرچەند توانی شوێن لەسەر چەند کەسێك دابنێو ئەوکەسانە خۆیان لە کاندیداتۆریی ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندی کێشایەوە، بەڵام لە ئاکامدا سەرکەوتوو نەبوو.

بەپێی ڕەسمی هەموو کۆنگرەکان لە کۆتایی کاری هەر کۆنگرەیەکدا جێژن دەگیرا، کە کەمایەتی لەم بارەشەوە لە بەشداریی جێژنی کۆتایی کۆنگرە، هەم لە سالۆنی کۆنگرەو هەم لەکەمپەکانی حیزب بەشدارییان نەکردو، لەو پەیوەندییەدا عەبدوڵلا حەسەنزادە پەیامێکی بوو کە بەقسەی خۆی بەهۆی کاك باباعەلی مێهرپەروەرو مستەفای مەولودییەوە بۆ کاك مستەفا هیجری ناردبوو، گوتبووی کە با جێژن نەگرن، چونکە کۆنگرە سەرنەکەوتووە، تەنیا جەناحی ئەوان سەرکەوتووە؟! لە کۆنگرەکانی دیکەدا کە بەڕێزیان سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، شاییو ڕەشبەڵەکیان دەگێڕا کە کۆنگرە سەرکەوتووە، تەنانەت بە سەرکەوتنی گەلی کوردیشیان لە قەڵەم دەدا، بەڵام ئەمجارەیان چونکە لە کۆنگرەدا لایەنگرانی سەرکەوتوو نەبوون، کەوابوو کۆنگرە سەرنەکەوتووە!! و ئەمە لەو بیرە تەواوییەتخوازانەوە سەرچاوە دەگرێ کە خۆی بە سەرتەوەرو قەیومی خەڵك دەزانێو پێی وایە کورسیی دەسەڵات هەر بۆ ئەو جۆرە کەسانەیەو دێموکراتبوونی هەڵبژاردن بە ڕادەی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان دەبەستنەوەو، ئەمە لە کاتێك دایە کە ئەم شێوە بیروبۆچوونانە کاتیان تێپەڕیوە.

لە دابەشکردنی کارو رێکخستنەوەی سەرلەنوێی ئۆرگانەکانی حیزبیدا، بەرپرسایەتیی زۆرتر لە جارانیش بۆ ئەو کەسانە دیاری کرا کە دەوری پێشوو، ئەندامی ڕێبەری بوون، بەڵام لەم کۆنگرەدا دەنگیان نەهێنابۆوەو هەروەها بە هەرکەسێکی دیکەشیان هەر کارێك پێشنیار کرابا رەدیان دەکردەوە، دەیانهەویستو پێیان وابوو بە قەبووڵنەکردنی کار لەلایەن ئەوانەوە پەکی کارەکان دەکەوێو بەم چەشنە ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەهەم لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا دۆش دامان دەبێ.
رەوتی دوایی ڕووداوەکان دەریانخست کە، لەم بۆچونەشیاندا بەهەڵەدا چوون. لەبەر ئەوەی وێرای کارنەکردنو کارشکێنی کەمینە کارەکان باشتر لە پێشوو دەچوونە پێشێ، هیچ شتێك رانەوەستا، لەوەش زیاتر حیزب چالاکییەکی بەرینی دیپلۆماسیو تەشکیلاتی ـ تەبلیغاتی دەست پێکرد. ئاکامی ئەم هەوڵە دامەزراندنی تەلەڤیزیۆن، دانانی سایتێکی ئینترنێتی لە ئوروپا کە بەچەندین زمان ڕووداوەکانی کوردستان بڵاو دەکاتەوە، دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵو، کۆبوونەوە لەگەڵ چەند شوێنی بڕیار بەدەست لە ئورووپاو ئەمریکا، چالاکترکردنی تەشکیلاتی نیوخۆیی کە حەرەکەتی 22ی پوشپەڕی ساڵی 85ی لێکەوتەوەو بوو بە مایەی سەرفیرازی بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزب.
کەمینەی حیزب کە بەو ئاواتەی نەگەیشتبوو، لەسەر سایتەکان کەوتە نووسین لەسەر رێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەهەمو ئەوەی کە نەبووەو نەدەبوو بیڵێن، وتیانو لەم بارەوە پێشبڕکێیان لەگەڵ نەیارانو تەنانەت دوژمنانی حیزبیش بردەوە.
هەوڵی دیکەی کەمینە بەشدارینەکردن لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندیدا بوو بۆ لە مەشروعییەتخستنی کۆبوونەوە، چونکە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی لەبەر ئەوەی بە پێی ئەساسنامە بۆ کۆبوونەوەی یاسایی کومیتەی ناوەندی لانیکەم دەبێ 2 لە 3ی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەشدار بن تا بڕیارەکانی قانوونی بنو، لەو کاتەدا کەمینە 8 کەسو زۆرایەتیی 13 کەس بوو، بەڵام یەکێك لە هاوڕێیان کە نیازی کەمینەی لەبارەی کێشانی حیزب بەرەو ئینشعابی بۆ دەرکەوتبوو، رایگەیاند لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبێو بەم چەشنە ئەو چەکە لەدەستی کەمینە دەرهات. ئەوان کە زانییان کۆبوونەوەکە رەسمییەو بڕیارەکانیشی رەسمی دەبن، کەوتنە بیری فرتو فێڵی دیکەو کارشکێنیی دیکە، هاتوچۆکانیان بۆ دەرەوەی حیزب کە لەو ماوەیەدا هەر هەبوو، چڕتر کردەوەو کەوتنە بەدگۆیی لە حیزبو هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە دیمەنێکی زۆر خراپ لە رێبەرایەتیی کۆنگرەی سێزدەهەم نیشان بدەن. بەهۆی سەرقاڵبوونی رێبەرایەتی بە کارەکانی حیزبییەوەو، کەمتر هاتوچۆکردن بۆ ئەملاوئەولا، ئەو گومانەیان بۆ بەشێك لە دۆستانی حیزب پیك هینابوو کە گۆیا رێبەرایەتیی کۆنگرەی سێزدەهەم

مافی کەمایەتی ناپارێزێ، خەڵك وەدەر دەنێو شتی لەو بابەتەیان دەرخواردی ئەو ڕێکخراوانە دابوو.
پاش ئەو هەموو چەواشەکارییە، لە ڕێکەوتی 85/5/7 نامەیەکیان لە پێشەکییەكو 20 خاڵدا خیتاب بە سکرتێری گشتیو زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی لەسەر سایتەکاندا بڵاو کردەوە. یەکەم شتی سەرنجڕاکێش لە نامەکەدا ئەوەبوو کە نامەکە ڕێکەوتی 85/5/7ی پێوە بوو، بەڵام ڕێکەوتی ژێر ئیمزاکان 85/5/5و 85/5/6 بوو کە ئەمە دەریدەخا دەقی ئەو نامەیە تەنیا چەند کەسێك نووسیویانەو پاشان بە ئیمزای ئەو بیستو چەند کەسەیان گەیاندوە، خوێندنەوەی ئیمزاکەرانی نامەکە لە دەقی ئەو نامەیە وەك یەك نەبووو، ئەمە لە ڕەوتی کۆبوونەوەکانی دوایی خۆیاندا دەرکەوت.
دووهەم شت، خەتابی نامەکە بوو کە لەودا لە باتیی زۆرینەو کەمینە، زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندییان هێنابووو لە نێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو ڕووناکبیریو ڕاگەیەنە گشتییەکانو، تەنانەت لەنێو حیزبیشدا وایان دەنواند کە ئەوان لە حیزبدا زۆرینەنو بەرامبەرەکەیان کەمایەتییەو تەنیا لە کومیتەی ناوەندیدا زۆرایەتی هەیە! جا ئەم زۆرایەتییە چۆن پێك هاتووە؟ دەلیل بۆ ئەوەی ئەوان زۆرایەتین چیە؟ ڕوون نەبوو. لەم پەیوەندییەدا چەند پرسیارێك هەبوو کە قەد وەڵامیان بۆی نەبوو.
یەکەم، زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی سێزدەهەمدا چۆن بووە بە زۆرایەتی، ئەویش بە ڕێژەی 78%ی بەشدارانی هەڵبژێردراو؟و بەرامبەرەکەی کە کەمینەیە، چۆنە تەنیا 22 %ی دەنگی بەشدارانی کۆنگرەی هەبووە؟ مەگەر ئەوان هەموو میکانیزمەکانی پێش کۆنگرەیان دیاری نەکردبوو؟ ئامادەکاریی کۆنگرەیان نەکردبوو؟ هەڵبژاردنی نێو کۆنگرەیان بەڕێوە نەبردبووو لەیەك قسەدا دەنگیان بە مەشروعییەتی کۆنگرە نەدابوو؟ ئەی ئەگەر ئەوان زۆرینەن، ئەو ڕێژەیە نیشانەی چیە؟!
دووهەم، مەگەر لە ڕەوتی دانیشتنەکانی پاش گەڵاڵەکردنی 20 خاڵەکە، چەندین جار لە لایەن زۆرینەو شەخسی سکرتێرەوە ئیعلامی ئامادەگی بۆ پێشوەخت گرتنی کۆنگرە ڕانەگەیەندراو، نەگوترا کە کۆنگرە بە بوونی چاودێران، پێشوەخت بگرینو ئاکامەکەی هەرچی بوو هەردوو لامان قەبوڵی بکەین؟ ئەی بۆ کەمینەو شەخسی مامۆستا قەبووڵیان نەکرد؟
سێهەم، مامۆستا عەبدڵڵا حەسەنزادە لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "میدیا" ژمارە 270 ڕێکەوتی 1385/9/28، ڕایگەیاندوە ئەگەر کۆنگرەشیان گرتبا، قەبوڵمان نەدەکرد، چونکە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی کۆنگرەی چواردەهەمیشیان دیاری کردبوو! ئەم وتەیە ئەوە ناگەیەنێ کە مامۆستاو هاوقۆڵەکانی کەمینەیەکی کەم

بوون لەنێو حیزبی دێموکراتدا؟ کە هیواو ئیمانیان بە دەنگی خەڵك نەبووو دەیانهەویست بە شانتاژو هەڵلا سازکردن خۆیان بەسەر حیزبدا بسەپێنن؟
با لە پێشدا ئەوە بڵێم کە سەرەتایەك کە بۆ بیست خاڵەکە نوسرابوو، هەرکەس خوێندبێتیەوە، دەزانێ کە بەزمانی هاوالانەو دۆستانەو بۆ دیالۆگو دیتنەوەی چارەسەر نەنوسرابوو، بەڵکوو، بەزمانی تۆمەت وە پاڵ دانو بێ حورمەتیکردنو بە مەبەستی دابڕان نوسرابوو.
لە سەرەتای 20 خاڵەکەدا راوەستان لەسەر دوو شت بە پێویست دەزانم:
یەکەم، دانانی ناوی ئۆپۆزسیۆن لەسەر خۆیان لە کاتێکدا کۆمەڵێك لەو برادەرانە لە رێبەرایەتیی حیزبو تەنانەت دوو کەسیشیان ئەندامی دەفتەری سیاسی بوونو لە پەسەندکردنی بڕیارەکانی حیزبیدا نەخشیان هەبووە، نەیاندەتوانی ناوی ئۆپۆزسیۆن لەسەرخۆیان دابنێین. کۆمەڵێك دەتوانن ناوی ئۆپۆزسیۆن لەخۆیان بنێن کە لەدەسەلاتدا بەشدار نەبن. لەلای دیکەوە ئۆپۆزسیۆن لە مانەدا یانی دژو ڕکەبەر، حیزب کە ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامییە، ئۆپۆزسیۆنی ئۆپۆزیسۆن چ ماناو واتەیەکی دەگەیاند؟!
دووهەم، لەو سەرەتایەدا هاتووە کە زۆرایەتیی حیزب لە بیروڕای گشتی کەڵکی وەرنەگرتوە؟ لێرەشدا پێویست بە روونکردنەوەیە، بڕیاردان لە حیزبی دێموکراتدا بە کۆمەڵەو لە هیچ کەس قەبووڵ ناکرێ کە بەتەنیا بڕیار بدا، حیزبی دێموکرات هەموو کاری خۆی ئۆرگانیزە کردوەو نەزەری تاکەکەس ئەگەر نەزەری سکرتێریش بێ، تەنیا یەك ڕاو یەك دەنگە. حیزب بۆ بڕیاردان کۆمەڵە ئورگانێکی هەن (کومیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی، کومیسیۆنو کومیتەکان) کە لە هەموو ئەو ئۆرگانانەدا بڕیاردان بە کۆمەڵەو تەکرەوی جێگای نیەو، ئەمە لە نێوحیزبی ئێمەدا نەهادینە بووەو ئەگەر مەبەستی نووسەرانی20 خاڵ لە کەڵك وەرنەگرتن لە رای گشتی، رای ئەو چەند کەسە بێ کە لە کۆنگرەدا دەنگیان نەهێناوەتەوە، بۆ ئەوەش میکانیزممان بۆ وەرگرتنی رایان هەیە کە لە رابردوودا چۆن کاری پێ کرابوو هەر بەو پێوانەیە لە دوای کۆنگرەی 13ش کاری پێ دەکرا.
خوێندنەوەی ئەم نامە 20 خاڵییە زیاتر لەوەی کە لە داواکاری بچێ لە هەڕەشەو ماڵئاوایی دەچوو ئەگەر نا چۆن دەکرێ کۆمەڵێك داواکاریەکیان لە حیزب هەبێو دەستپێکی داواکارییەکانیان بە تۆمەت لێدان، چەواشەکاری، درۆ هەڵبەستن دەست پێ بکەن.
لە سەرەتای نامەکەیاندا هێناویانە: "ئەندامانی ئەم حیزبە لە سەرێ بۆ خوارێ لە چاو زۆرایەتیی کومیتە ناوەندییەوە بە مەحرەمو نامەحرەم (خودیو غیرخودی)و زۆر شتی لەوە خراپتر دابەش کراون ... ."
داهێنەری وشەی "مەحرەم و نامەحرەم" کە وشەیەکی بەتەواوی ئیسلامییە، لە لایەن کەسێکەوە داهێنراوە کە دەرسی ئایینی خوێندوەو لە ماوەی چەند ساڵ

دەسەڵاتدارێتی خۆیدا بە دەیان جار کاری پێ کردوە. بۆ ئیسپاتی ئەم ئیدعایە تەنیا نموونەیەك لە دەیانو سەدان نموونە دەخەمە بەرچاو، 26ی خەزەڵوەری81 لە کێشەیەك کە لە نێوان کامەران فاتحی لە جەناحی کەمینەی ئەو کاتو ئەحمەد لە جەناحی زۆرایەتی، لە شایی شاهین کوڕی شەهید ڕەحیم بەغدادی ڕویدا، ئەحمەد کە لە جەناحی زۆرینەی ئەوکات بوو سێ چەقۆی لە کامەران فاتحی دابوو، کە بڕیار لەسەر ئەو دوو کەسە دوای گێرەو کێشەیەکی زۆر چووە دەفتەری سیاسیو بڕیار بەدەستی ئەو کات، مامۆستا بوو کە ئەحمەدی چەقۆ وەشێنیان تەبرئە کردو کامەران کە چەقۆی لێ درابوو، بۆ ماوەی 15 ڕۆژ خرایە زیندان. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەحمەد بەهۆی کێشە سازکردن لە ناوەندی دوو لە لایەن کۆمسیونی سیاسی نیزامییەوە ئیختاری پێ کرابوو کە ئەگەر جارێکی دیکە بێنەزمی بکا لە حیزب دەردەکرێ.

لە خاڵەکانیاندا هاتووە: "لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە سەدان کەس سزا دراون، تەشویق کراون، پلەیان دراوەتێ یان لێیان ئەستێندراوەتەوە، نەقڵ کراونو تەنانەت خراونەتە بەندیخانەوە ... هتد. پێویست بە گوتنە کە حیزبی دێموکرات لە دوای کۆنگرەی 13ـەوە زیندانو بەندیخانەی نەماوە تا کەس بخرێتە بەندیخانەوە!! کەسانێکیش کە گیراونو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك ڕاگیرابن، کەسانێك بوون کە نێردراوی ڕێژیم بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب بوون کە خۆیان دانیان بە نفووزیبوونی خۆیاندا ناوەو، دوای ئێعترافی خۆیان بەردراونو بەرەو باوەشی ڕێژیمەکەیان گەڕاونەتەوە. ئەمە ئەو کەسانەن کە ئەو بەشە لە کادرو ئەندامانی حیزب، فرمێسکیان بۆ هەڵدەڕشتنو بە جیابیریان ناو دەبردن؟!

پاش کۆنگرەی سێزدەهەم تەنیا یەك دەورە پلەی کادر دراوەو، بۆ ئەو پلەدانەش وردترین پێوانە لەبەرچاو گیراوەو ئەو پێوانانەش لە پێش کۆنگرەی سێزدەهەمەوە بە ئاگاداریی دەفتەری سیاسی کە مامۆستا سکرتێری بووە، گەیشتووەو ئەو پێوانانەیان پەسەند کردوە. پێش لەم دەورانە، دیاریکردنی کادر سەلیقەیی بوو، بەڵام لە دوو دەورەی دواییدا کە بەڕێزان کاك مستەفا هیجریو کاك حەسەن شەرەفی بەرپرسی کومیسیۆنی سیاسی نیزامی بوون، ئەم پێوانانە کە ئاماژەیان پێ دەکرێ، وردترو دەقیقتریش کران:

ڕادەی خوێندەواری، ڕابردووی پێشمەرگایەتی، کارلێهاتووی، بەرپرسایەتی، خاڵیان بۆ دیاری کراوەو چاوەدێری بەسەر دیاریکردنی ئەو خاڵانەدا لەلایەن هەیئەتێکی هاوبەش لە هەردوو لاوە بەڕێوەچووە، بۆیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە بەستراوەیییەکی جەناحی پلەی کادر دراوەو وردکردنەوەی ئەم خاڵانە بۆ نیشاندانی ڕادەی چەواشەکاریی نووسەرانی 20 خاڵەکەیە.

لە بەشێکی دیکەی نامە 20 خاڵییەکەیاندا داوا دەکەن:

"... هەیئەتێکی هاوبەش بە سەڵاحییەتی وەك یەکەوە لە جەناحی دەسەڵاتبەدەستو ئوپۆزیسیۆن پێك بێ کە بە هەموو بڕیارەکاندا بچێتەوەو ئەوەی بە سالمی نەزانی هەڵی وەشێنێتەوە."

ئەوەی کە داوای سەرەکییانەو لێرەدا بە روونی باسی لێ دەکەنو دوایەش لە خاڵەکانی دیکەدا دەیهێننەوە گۆڕێ، ئەمەیە: پێکهێنانی هەیئەتێکی هاوبەش بە سەڵاحییەتی وەك یەکەوە کە بە هەموو بڕیارەکاندا بچێتەوە.

ئەو شێوە هەیئەتە کە لەوێدا نیوەی بۆ لایەكو نیوەی بۆ لایەکی دیکە بێ، بۆ وێنە هەیئەتێکی 6 کەسی کە 3 کەسیان لە لایەن ئەو کەمینەوە دیاری بکرێو 3 کەسی دیکەش رێبەرایەتیی حیزب دیاری بکاو ئەم هەیئەتە کە بەو شێوازەش کە لە خاڵەکانی دیکەدا دەچینە سەری، دەبێ بە سەر هەموو کاروبارەکانی حیزبدا بچێتەوەو، بە کورتی ئەو شورا یان هەیئەتە کە نیوەی دەبێ بەر کەمینە بکەوێ!! بڕیاردەری سەرەکیو یاسادانەرو هەمەکارەی حیزب بێو لە سەرووی هەموو یاسایەکەوە بێو هەر یاساو پرەنسیپێکی حیزبیی بە دڵ نەبوو، هەڵی وەشێنێتەوەو... ببێ بە دەسەڵاتی رەها لە نێو حیزبدا!

ئەو داواکارییەی ئەوان لەگەڵ ئەساسنامەی حیزب، لەگەڵ یاساو پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزب، لەگەڵ رەوتی خەباتی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ ئاواتو ئارمانجەکانی حیزبو بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەکەماندا بە تەواوی دژەو هەموو بەهاو بایەخەکانی حیزبی کە خوێنی هەزاران شەهیدی لە پێناودا دراوە، دەخستە ژێر پرسیار.

ئەو هەیئەتە کە دەیانگوت هاوبەشو بە سەڵاحییەتی وەك یەکەوە بێ، دابەشکردنێکی عەمەلیی حیزب بوو بەسەر دوو بەشداو ئەمە جیابوونەوەیەکی رەسمیو رانەگەیەندراو بوو لەنێو حیزبدا، کە نەیدەتوانی جێگەی پەسندی حیزب بێ. لەلایەکی دیکەوە داوای "فیفتی بە فیفتی"کردن بوو کە ئەزموونەکەیمان لە دەرەوەی حیزب وەرگرتوەو دیارەو هەموو کەس دەزانێ تا چەند سەرکەوتوو دەبوو!

بوونی ئەو هەیئەتە بەو شێوەیە، لە ژێرپێنانی ئەساسنامەو ئاییننامەکانی حیزبو بێدەسەڵاتکردنی ئورگانە هەڵبژێردراوەکانی حیزب بوو.

هەوڵو خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگایەکی دێموکراتی دابمەزرێو هەموو کەس لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بنو کەس سەروەری یاسا نەبێو ئۆرگانی نادێموکراتیكو سەرو یاسا لە کۆمەڵگادا، بوونی نەبێ. بەڵام بەداخەوە ئەو هاوڕێیانە داوای پێکهێنانی ئەو شێوە هەیئەتەیان دەکرد کە لە سەرەوەی یاساوە بێ، هەڵبژێردراوی دەنگی ئەندامانی حیزب نەبێ، فیفتی بە فیفتی بێو "انتصاب"ی بێو هەرکات بە کەیفی بوو هەر بڕیارێك بداو هەرکات ویستی هەڵیوەشێنێتەوە. بەکورتی حیزبی دێموکرات ببێ بە دیوەخانی سەرۆك عەشیرەتەکان کە دوو یا چەند سەرۆك عەشیرەو ریشسپی بڕیاردەر بنو بە هەر

شێوەیەك ویستیان لەگەڵ ئەندامان رەفتار بکەن، ئیدی 61 ساڵ خەبات لە پێناو دابینبوونی دێموکراسیو ئازادیو خەباتی نوێو سەردەمیانەی حیزب بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاو دەربازکردنی کۆمەڵگا لە پێوەندییە دواکەوتوەکان چ مانایەکی دەبوو؟!

شایانی باسە لە کۆبوونەوەی 14ی خەرمانان کە لە لایەن کاك حەسەن رەستگارو عەبدوڵلا حەسەنزادەوە بەڕێوەچوو، لە سەر پێکهێنانی ئەو هەیئەتانە، شتێکی زۆر سەیریان وت کە رەنگە کەس بڕوای پێ نەکاو چونکە ئەوانەی ئەوەیان بیست سەریان سووڕ ما، کە چۆن دەکرێ ئەمانە رای ئاوایان هەبێ؟ ئەویش ئەوە بوو کە وتیان: "جا پێکهێنانی ئەو هەیئەتە خراپیی چیە؟ ئێمە پێویستە بۆ پاراستنی مەسڵەحەتەکان شتی وا پێك بێنین. هەموو کەس مەسڵەحەتی لە بەرچاوە. ئەوە نیە لە ئێرانیشدا شورایەکی دەرەوەی یاسا بەناو شورای تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام هەیە، با ئێمەش هەمانبێ"!!! ئەم قسەیە پێویست بە هیچ روونکردنەوەیەکی زیادی ناکاو دڵنیا بن کە بەڵگەی ئەو شتە، بە دەنگی خۆیان هەیە.

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێ داوە لە بەرامبەر رەوتی نوێکردنەوەو ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە نێو حیزبدا کەسانێك هەبوون کە بە شێوەیەکی دیکە بیریان دەکردەوەو دەیانەویست حیزب بەرەو شوێنێکی دیکە ببەنو گەڵاڵەیەکیان هێنا بۆ لابردنی هەڵبژاردن لە نێو حیزبداو دێموکراسیان پێ تەحەموول نەدەکرا. لە کۆنگرەی 13ی حیزبدا ئەو جۆرە کەسانە تووشی ئەو ئەقەلییەتە بوونو کۆنگرەی حیزب بە خۆشییەوە پێی لە سەر پتەوکردنی دێموکراسی لە نێو حیزبدا داگرت، بەڵام ئەو جۆرە کەسانە وازیان نەهێناو دەنگی ئەندامانی حیزبیان بەلاوە گرینگ نەبووو داوایان دەکرد کە ئەوان بەڕێوەبەری حیزب بنو لەو نامەیەشدا بە پێی ئەو خاڵانە، هاتوە کە چەندە دژە دێموکراتیکنو داوای پێکهێنانی هەیئەتێکی بە تەواوی نادێموکراتیك دەکەن. کە ئەوەیان لەگەڵ باس کرا کە ئەم شتەی ئێوە باسی لێوە دەکەن دژ بە دێموکراسییە، لە کۆبوونەوەی 14 خەرماناندا کە پێشتر ئاماژەی پێدرا وەڵامیان دایەوەو قسەکەشیان بە بەڵگەی مێژوویی هەیەو دەمێنێتەوە کە وتیان: "ئێمە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەژینو دێموکراسی شتێکی رۆژئاواییەو فرچکمان بە دێموکراسی نەگرتووە. بۆیە پێویست ناکا کە زۆریش رەچاوی دێموکراسی بکەین."!!

لە نامە 20 خاڵییەکەدا باس لە دەیان هەڵەی سیاسی کراوە کە بۆ وێنە نامەی کاك مستەفا هیجری بۆ نەزمیئەفشاریان هێناوەتەوە ئەگەر ڕاستگۆن ئەو هەڵانەی کە لەو ماوەیەدا کراون بیانهێننە سەر کاغەز و خەڵکی دیکەشی لێی ئاگادار بکەن.

نامەی کاك مستەفا بۆ نەزمیئەفشار، کە تا حەدی فرۆشتنی خاکی نیشتمان لەسەریان نووسیو ئەو هەموو هەڵلایەی لێساز کراوەو تائێستا نووسین لەسەر ئەم بابەتە درێژەی هەیە، چ بوو؟

له زستانی 84 له شاری ماکۆ خۆپیشاندانێك له دژی رێژێم بەڕێوەچوو رێژێم زۆر هەوڵی دا ئەم خۆپیشاندانە بکاتە شەڕی کوردو ئازەری، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوو. لەو سەرو بەندەشدا دەفتەری سیاسی لەراگەیەندراوێکدا خەڵکی لەوە ئاگادار کردبۆوە کە لە داوی پیلانی رێژێم نەکەون. لەو نێوەدا لە رۆژنامەی "کوردستان"دا له وتووێژێکی رامبود لوتفیپوردا بڵاو کرایەوە کە ئازەرییەکانی لە ئازەربایجانی رۆژئاوادا بە میوان لەقەڵەم دابوو، بڵاوبوونەوەی ئەم وتووێژە لە رۆژنامەی "کوردستان"دا دژکردەوەی زۆر توندی ئازەرییەکانی لێکەوتەوە، بەرەو سازبوونی کێشەو تەنانەت شەڕی کوردو ئازەری دەرۆیشت، لە کاتێکدا ناوەڕۆکی ئەو بابەتە لەگەڵ قازانجو بەرژەوندیی کورد لە کوردستانی ئێراندا یەکی نەدەگرتەوە. چونکە کاتی ئەوە نەبوو کە باس لە جیاکردنەوەی سنووری جوگرافیایی بکەین، جگە لەمەش هێنانە بەرباسی مەسەلەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ قازانجی کورد یەك ناگرێتەوە، ئێستا ناتوانێ هیچ مەسەلەیەك چارەسەر بکا، تازە کێشەیەکی زۆر دروست دەکاو دەبێتە هۆی شەڕو کێشە لەنێوان دوو نەتەوەی کوردو ئازەریدا کە ئەمە ئاواتی رێژیمەو سەرەڕای ئەوە ئەو راگەیەندراوەی دەفتەری سیاسیش، لە باشترین حاڵەتدا وتووێژ لەم کاتەدا ئەگەر ناوی بێپرسیارییەتیی لێ نەنرێ، دەتوانین چ ناوێکی دیکەی لێ بنێین؟!

پاش بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتەو ئیعترازی ئازەرییەکان لەم بارەیەوە لە دەفتەری سیاسی بڕیاردرا بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکەو ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە، کاك مستەفا نامەیەکی شەخسی بۆ نەزمی ئەفشار بنوسێو کاك مستەفاش بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی، نامەیەکی شەخسیی بۆ ئارام کردنەوەی ئەو کێشەیە بۆ کەسی ناوبراو نووسی. لەنامەکەدا باس لەوە کراوە کە دەبێ وەکوو حیزبە خاوەن مەسولییەتەکان رێگا بە سەرکەوتنی پیلانی رێژێم نەدەینو تەنیا شتێك لە نامەکەدا هەبوو ئەوە بوو کە لە باتیی وشەی ئازەربایجانی رۆژئاوا، وشەی ئازەربایجان هاتوە. هاتنی ئەم وشەیە بەم شێوەیە دەتوانێ هەڵەی چاپی بێ، تازە ئەگەر واش نووسرابێ دەکرێ ناوی لەبیرچوونەوەی لێبنێینو ئیدی ئەو هەموو هەڵڵا سازکردنەی بۆچی؟

لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا سنووری جوغرافیایی دیاری کراوەو نامەیەکی شەخسی سکرتێر یان هەرکەسی دیکە ناتوانێ لە سەرەوەی بەرنامەی حیزب کە لە کۆنگرەدا پەسەند کراوە، بێ.

ئەو کەسانەی سەر بەکەمینەو بەتایبەت شەخسی عەبدوڵڵا حەسەنزادە بوون، لەم بارەیەوە دەستیان دایە شانتاژو ئاژیتاسیۆنو، هەڵڵاو هەنگامەیەکی وایان سازکرد هەر وا بزانێ عەرش خەریکە دەڕوخێ!!

به دڵنیاییەوە ئەو هاتو هاوارە بۆ دڵسۆزیو لەڕووی رەخنەی دۆستانەوە نەبوو، بەڵکوو دوژمنایەتیو هەوڵی نابەرپرسانە بوو بۆ زەربەدان لە پرستیژی حیزبو شەخسی سکرتێر. بەڵگەش بۆ ئەم شتە زۆرن:
یەکەم، عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ مەزڵووم نمایی و کەڵکی خراپ وەرگرتن کارەکەی گەیاندە شوێنێك کە ڕۆیشتە لای کەسێكو خۆی بە نوێنەری حیزب لە قەڵەم داو سەبارەت بەو نامەیە داوای لێبووردنی لێ کرد.
دووهەم، لە سەروبەندی ناڕەزایەتی دەربڕینی ئازەرییەکان لەمەڕ کاریکاتۆرەکەی رۆژنامەی ئێران، حەسەن رەستگار لە وتووێژێك لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "تیشك تیڤی" وتی کە ئەو رێپوانو ناڕەزایەتی دەربڕینە زۆربەی شارە تورکنشینەکانی ئازەربایجانی گرتەوە. خوێنەران هەموو دەزانن کە لە ورمێ و ماکۆو نەغەدەش تورکەکان دژ بەو کاریکاتۆرە خۆپیشاندانیان کردو تەنانەت توندترین چالاکی لە ورمێو نەغەدە بوون کە لە نەغەدە چوار کەس کوژران. ئایا بەلای بەڕێز رستگارەوە ماکۆو ورمێو نەغەدە، تورکنشینو بەشێك لە کوردستان نین؟!! ئەگەر وایە بۆ ئەو هەمووە بێلوتفییەیان بەرامبەر بە سکرتێری حیزب کرد؟
سێهەم، خالید عەزیزی وتەبێژی تاقمی جیابۆوە لە وتووێژ لەگەڵ **VOA** باسی لە شارە کورد نشینەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا کرد وەك بڵێی ئازەربایجانی رۆژئاوا تورکنشینەو چەند شارێکی کوردیشی تێدایە!؟
ئەی جەماعەتی کەمینە بۆ لە بەرامبەر ئەم قسانەی حەسەن رستگارو خالید عەزیزیدا هەڵوێستیان نەگرتو ئەو هەڵڵاو هەنگامانەیان دروست نەکرد!؟! ئەگەر ئەو جۆرە قسانە کوردستان فرۆشتن بێ، وا دیارە بۆ ئەوان شانازیو سیاسەتمەدارییە؟!
کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب بۆ بەرگرتن لە هەڵە سیاسییەکانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێك هات. بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کاتی سکرتێریی خۆیدا تووشی چەندین هەڵەی سیاسی بووە، بەڵام کەمایەتیی ئەوکات لە بەرقازانجو بەرژەوەندیی حیزب، لە دەرەوەی حیزب هیچ باسێکی لەسەر نەکرد بۆ ئەوەی نەگوترێ تۆمەت دەدرێتە پاڵ سکرتێری پێشووی حیزبو، بیری هاوڕێیانی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دوازدەهەم دێنمەوە کە لە کاتی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر شێخ یاسین سەرۆکی رێکخراوی حەماس، مەگەر ئەوە سکرتێر (مامۆستا) نەبوو کە پشتیوانیی لە شێخ یاسین دەکرد!! کە چەند کەس لە هاوڕێیانیشی لەو بۆچوونە دیفاعیان دەکرد، بەڵام لەسەر پێداگرتنی ژمارەیەك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ئەم بۆچوونەوە رەد کرایەوە.
ئەی کاتی هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق کە کوردی ئەم پارچە لە کوردستان هێزەکانی ئەمریکایان بە هێزی رزگاری ناو دەبرد، راست لەم کاتەدا مامۆستا بەداگیرکەرو غەدداری ناو نەدەبردن؟! ئەی ئەو وتووێژە کە لەسەر **(pkk)** کردی کە ئەگەر

هەڵوێستی کەمایەتیی ئەوکات نەبایە، ئێستا حیزبی دێموکرات لە بەرەیەکی دیکەدا حسابی لەسەر نەدەکرا؟
لەم دواییانەشدا لە شەڕی حیزبوڵڵاو ئیسرائیل لە لوبنان، ژمارەیەك نووری چاوو دەمڕاستی مامۆستا چ بە وتووێژو چ بە نوسراوە، پارسەنگی حزبوڵڵایان لە لێکدانەوەکانیاندا قورستر رانەگرتبوو؟
ئەمانە هەڵەی سیاسین یان نوسینی نامەیەکی شەخسی کە ئێمە لەبەر بەرژەوەندیی حیزب تا ئیستاشی لەگەڵ بێ، بێجگە لە کۆبونەوە رەسمییەکانی حیزب، لە هیچ جێگایەك باسمان نەکردوە بەڵام ئێستا کە ئینشعابیان کردوەو رۆژانە دەیان شتی ناڕاستو درۆ دەرخواردی خەڵك دەدەن، باشە خەڵکیش هەندێ لەم راستییانە بزانن.
پاش پێشکەشکردنی 20 خاڵەکەی کەمایەتی، زۆرایەتیی حیزب لەسەر داواکاریی کەمینە کۆبوونەوەیەکی گرتو پاش ئاڵوگۆڕکردنی ویستی کەمینەو بە نادێموکراتیكو ناڕەوازانینی داواکەیان، لە باتیی وەڵامدانەوەی نووسراو بە نوسراوەکە، بڕیار درا کە لەگەڵیان دانوستان بکرێ، بۆیە دوو هەیئەت بۆ وتووێژ لەسەر داواکارییەکان کۆ بوونەوەو دوای چەندین جار دانیشتن، بەهۆی پێداگرتنی کەمینەی فراوانخواز لەسەر ویستە نادێموکراتیكو غەیرە ئەساسنامەیییەکانیان ئاکامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوەو لە جەرەیانی ئەم وتووێژانەدا بەردەوام کەمینە خەریکی تەحریککردنی خەڵکی خۆیانو پێکهێنانی فەزای شەڕو ئاژاوە لەنێو حیزبدا بوون، کە لە بەر دڵفراوانیو هەست بە بەرپرسایەتیی زۆرینە، ئەم زەمینەیەیان بۆ نەدەڕەخسا.
لە رێکەوتی 25ی گەلاوێژی 85، عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە نامەیەکدا بۆ زۆرینە هەڕەشەی هێنانی هێزی حکومەتی بۆسەر حیزب کردوەو بیانووەکەی ئەوەبوو کە گوایە پێشمەرگەی حیزب لە جێژنیکان (ناوەندی 3) هێرشیان کردۆتە سەر برادەرانی ئەوانو ناوبراو بەڕادەیەك کینەی لەدڵدا بوو کە رانەوەستابوو بزانێ کێشەکە چۆن بووەو تاوانبار لەو کێشەیەدا کێیە! پاشان کە دەرکەوت هێرشکەرو تاوانباری ئەسڵی نەك تەنیا لە جێژنیکان، بەڵکوو لە ناوەندی یەكو لە ناوەندی دووش هەر برادەری!! مامۆستا بوون، هێرشیان کردبووە سەر پێشمەگەکان، بەڵام ناوبراو کە لە بیانوو دەگەڕا بۆ شەڕ فرۆشتنو، کاری بە تاوانباری ماجەرا نەبووو، پاشانیش کە دەرکەوت لە هەموو شوێنێ برادەرانی مامۆستا تاوانبارن، بێدەنگیی لێ دەکردو وەك نە بای هاتبێ نە بۆران. ئەمەش دەقی نامەکەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە:
هاوڕێیانی بەڕێزی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی!
لەگەڵ سڵاو!

ئەمڕۆ ئاگادار کراین کە لە جێژنیکان هەندێ لە پێشمەرگەکانی سەر بە جەناحی ئێوە قسەی سووکو جنێویان بە چەند برادەرێکی ئۆپۆزسیۆن وتووە، ئەوانیش هاتوونەتە جوابو بۆتە شەڕو دەمەقاڵە، بە سەرنجدان بەوە کە هەر دوێنێ لێرە لە کۆبوونەوەی هێزی پارێزگاری هێرشی ناشیرین کراوەتە سەر چەند کەس لە برادەرانی ئێمەو، تۆمەتیان دراوەتە پاڵ، هەروەها بەپێی ڕێنوێنیەك کە لێرەڕا دراوە بە کاك شاهۆو کاك خوسرەوی بارامی، داوای لەقاودانی ئێمە دەکاو قسەی ناشیرین لەبارەی ئێمەوە تێدا کراوە، پێمان وایە ئەوە خەتێکی مەرکەزییەو ئێوە لە پشتی ڕاوەستاون.

بۆیە تکا دەکەین هەر ئەمڕۆ دەستوور بدەن لێرەو لە جێژنیکانو لە هەموو شوێنێك کۆتایی بەو فشارو هێرشو پەلامارانە بێ، ڕێگە بدەن لە فەزایەکی ئارامدا کارەکان بکەین.

هەروەك پێشتر بە زمان عەرزمان کردون (مەبەستیان ئەوەیە چەندجار بەدەم هەڕەشەیان کردوە) جارێکی دیکە پێتان رادەگەیەنین لە هەر کوێیەك ئەو رەفتارانە دووبارە ببنەوە، بێئەوەی خەبەرتان بدەینێ داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ئەمنییەتی گیانیو ماڵیو حەیسییەتیی هاوڕێیان بپارێزێو ڕێگا نەدا شتی نەخوازراو ڕو بدا.

لایەنی ئۆپۆزسیۆن

دوای نیوەڕۆی 25 گەلاوێژی 1385

**

بەپێی ئەساسنامەی حیزب پێویستە کومیتەی ناوەندی لە ساڵدا لانی کەم 3 جار کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی پێك بێنێ. لە سەرەتاکانی نەورۆزی 85وە تا مانگی خەرمانان لەگەڵ بوونی ئەم کێشەیە، کومیتەی ناوەندی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی پێك نەهێنابوو. بۆیە لە دەفتەری سیاسی باسێك لە بەستنی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی هاتە ئاراوە، دوو ئەندامی دەفتەری سیاسیی لایەنی کەمینە دەیانگوت دەبێ پێشتر لەسەر هەموو شتێك ڕێك بکەوین ئەوجار بڕۆینە پلینۆم،و مەبەستیان لەم ڕێککەوتنە سەپاندنی 20 خاڵەکەیان بوو. باقیی ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە 5 کەس بوون، رایان ئەوە بوو کە لەو کۆبوونەوەیەدا کە پێك دێ، باسێکی سیاسی بەرامبەر بە تەواوی ئەو ڕووداوانە کە لەو ماوەیەدا لەگۆڕێدا بوون دەکەین، باسێك لەو مەسەلە نێوخۆییانەش دەکەین بێ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لە پلینۆمدا بدەین. دایدەنێین بۆ پلینۆمی دیکە، بەڵام دیسان قەبوڵیان نەکردو رایانگەیاند کە ئەگەر باسێك لەو مەسەلانە بکرێ لەو پلینۆمەدا کە قەرار بوو ڕۆژی 20 /85/6 بەڕێوە بچێ، بەشداری ناکەن.

لە لایەن سکرتاریاوە هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ئاگادار کرانەوە کە لە سەعات 9ی بەیانی ڕۆژی 85/6/20 لە شوێنی دیاریکراو بۆ بەشداری لە پلینۆم

ئامادە بن. لە 21 ئەندامی کومیتەی ناوەندی، 15 کەس لەسەر ئەو سەعاتە ئامادە بوون، بەڵام 6 کەس (حەسەن رەستگار، مستەفا مەولوودی، ئیسماعیل بازیار، کەماڵ کەریمی، عومەر باڵەکیو حەسەن قادرزادە) کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوون، ئامادە نەبوون. بۆیە دەفتەری سیاسی لە دانیشتنی سەر لەبەیانیی ئەو ڕۆژەدا بە مەشوەرەت لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی کومیتەی ناوەندی کۆبوونەوەی پلینۆمیان بۆ دوای نیوەڕۆ دواخست بە مەبەستی هەوڵدان بۆ قەناعەت پێهێنان لە پلینۆم. دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەیەکی هەر پێش نیوەڕۆی ئەو رۆژە پێك هێنایەوەو جارێکی دیکە داوایان لێکرا کە بەشداری پلینۆم بنو پێیان راگەیەندرا کە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی بە بێ ئەوانیش لە باری ئوسولییەوە مەشرووعییەتی هەیەو بڕیارەکانیش رەسمین، بۆیە بەشداریکردنیان لە بەشداری‌نەکردنیان باشترە. بەڵام دیسان قەبوڵیان نەکردو دەیانگوت ئێمە ناچینە ژێر باری هیچ بڕیارێك کە لەو پلینۆمەدا دەربچێ.
خوێنەری ئازیز! ئەمە بێجگە لە بێدیسپلینی، چ ناوێکی دیکەی لەسەر دادەنرێ؟! ئەوان لە هەموو شوێنێك لە دەرەوەی حیزب، لەسەر سایتەکان حازر بوون باسی ئەو کێشەیە بکەنو هەموو شتە نێوخۆیی‌یەکان ببەنە دەرەوەی حیزب، بەڵام ئامادە نەبوون بێن لە پلینۆمدا باسی بکەن. بۆیە سەرەڕای بەشداری‌نەکردنی 6 کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینەی حیزب، پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بەشێوەیەکی یاسایی، کۆبوونەوەی خۆی پێك هێناو لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای باس لە مەسەلە سیاسییەکان، باس لەو مەسەلە نێوخۆییە، پلینۆم وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەشداری‌نەکردنی کەمینە بە هەست بە بەرپرسیاریەتییەکی زۆرەوە داوایان لە دەفتەری سیاسی کرد کە وتووێژ لەگەڵ کەمینە بەبێ ژێرپێ‌خستنی ئوسووڵو پرنسیپەکانی حیزب، درێژە بدا.
پاش کۆتایی هاتنی پلینۆم جارێکی دیکە دانوستان لە ئاستی دەفتەری سیاسی کە دوو کەس لە کەمینەش وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی بەشدار بوون دەستی پێکرد، بەڵام دیارە کەمینە بڕیاری دابوو بە یەك خاڵ کەمتر لەو 20 خاڵە ڕازی نەبێ، بۆیە لە درێژەی ئەو وتوێژانەدا بوو کە مستەفای مەولوودی رایگەیاند ئێستا کە 20 خاڵەکە قەبووڵ ناکەن، بابیر لە جیابوونەوەی موتەمەدنانە بکەینەوە؟! و دەربڕینی ئەم رستەیە لەگەڵ تەئیدی کاك حەسەن رستگار هاوکات بوو. بۆ دەفتەری سیاسی ئەمە جێگای سەرسوڕمان بوو کە جیابوونەوە کوێی موتەمەدنانەیە؟! لەم باسەدا بوو کە سکرتێری گشتیی حیزب وتی ئێوە لە نامە 20 خاڵییەکەتاندا هێناوتانە کە بۆ یەکڕیزیی حیزب تێدەکۆشن، ئەم وتەیەی ئێوە لەگەڵ نامەکە یەك ناگرێتەوە، بۆیە لە شك دام کە ئەمە قسەی باقیی ئیمزاکەرانی نامەکە بێ. دەمهەوێ لەگەڵیان کۆبوونەوەم هەبێ، بزانم ئەو داواکارییەی دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی، داواکاریی هەموویانە؟! کاك حەسەن

رستگار داواکارییەکەی سکرتێری بۆ ئیمزاکەرانی 20 خاڵییەکە بردو ئەوانیش ئامادە نەبوون لەگەڵ سکرتێر دابنیشنو ئەم وەڵامەیان ناردەوە:
هاورێی بەرێز کاك مستەفای هیجری!
لەگەڵ سڵاو و رێز
هاورێی بەرێز کاك حەسەن رستگار پەیامی ئێوەی سەبارەت بە داوای دانیشتن لەگەڵ ئێمە پێ راگەیاندین، لەو بارەوە عەرزت دەکەین:
1ـ ئێمە جەنابت وەك سکرتێرێکی بێ لایەن کە هەردوو جەناحی حیزب بە یەك چاو تەماشا بکا، ناناسین.
2ـ وەك جەناحییش ئێمە متمانەو پشتیوانیی خۆمان لەو هەیئەتە کە بۆ وتووێژ لەگەڵ ئێوە دیاری کراوە دووپات دەکەینەوەو هەر نەزەرێکتان هەبێ دەتوانن لەگەڵ هەیئەتی ئێمە باسی بکەنو وڵام وەربگرنەوە.
وێرای سڵاوی دوبارە
ئیمزا کەرانی یادداشتی 20 مادەیی ئۆپۆزیسیۆن بۆ زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی
85|6|30
بەشی پێنجەمو کۆتایی

1385-12-01
پاش وەڵامی ئەم نامەیە چەندین کۆبوونەوە سەبارەت بەو بارودۆخە پێك هاتن. لەو کۆبوونەوانەدا کە لایەنی کەمینە بەرێوەی دەبردن رێگای نەدەدا زۆرینە بەشدار بێو لەو کۆبوونەوانەشدا کە زۆرینە بەرێوەی دەبردن، تەحریمیان دەکردنو ئیجازەیان بە لایەنگرانیان نەدەدا بەشداری تێدا بکەن.
لە کۆبوونەوەیەکی سکرتێری حیزب بۆ کادرو پێشمەرگەکانی ناوەندی دوو، لایەنی کەمینە لەو ناوەندەدا داوایان لە نەفەراتی خۆیان کرد کە بەشداری لە کۆبوونەوەی سکرتێردا نەکەن.
عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا داوای لە بەشدارانی کۆبوونەوە کردبوو بەهۆی ئەوەی لایەنی ئەوان لە ناوەندی دوو بەشدارییان لە کۆبوونەوەی سکرتێردا نەکردوە، چەپڵەیان بۆ لێ بدەن!! ئەمە بوو هەست بە بەرپرسایەتیی کەمینە کە لە کۆبوونەوەکانی خۆیاندا نەیاندەهێشت زۆرینە بەشداری بکا. بۆ وێنە رۆژێك حەسەن رەستگار لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیدا رایگەیاند کە کۆبوونەوە بۆ کەمینە دەگرێ، لەو کۆبوونەوەیەدا داوای لێکرا وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆبوونەوە بگرێ، کۆبوونەوەیەکی گشتیو هەموو بەشدار بن بە کەمینەو زۆرینەوە. لە وەڵامدا وتی حەوسەڵەی چەقەچەقم نیە، من تەنیا کۆبوونەوە بۆ کەمینە دەگرم. ئەمەبوو وەڵامی ئەندامێکی دەفتەری سیاسی کە باس و دیالۆگ لەسەر مەسەلە حیزبییەکانی بە چەقەچەق ناو دەبرد، بەڵام لەلای

خەڵكو لە راگەیەنە گشتییەكاندا وایان دەنواند كە ئەوان داوای دیالۆگ دەكەن بەڵام بەرامبەرەكەیان دیالۆگ قبووڵ ناكا؟! لەو ماوەیەدا لایەنی كەمینە دەریانخست كە قسەیەكیان بۆ كردن نیەو لە دیالۆگ هەڵدێن، هەروەك باس كرا نەدەهاتنە كۆبوونەوەكانی زۆرینەو رێگاشیان نەدەدا زۆرینە لە كۆبوونەوەكانیاندا بەشداری بكا، تا دروستیو نادروستبوونی بۆچوونی لایەنەكان بۆ بەشداران روون ببنەوە. بە كورتی ئەوان لە ئاگابوونەوەی خەڵك نیگەران بوون.

لەم ماوەیەدا لە ئورووپا كومیتەگەلی "موازی" لەگەڵ كومیتەكانی حیزبیان پێكهێنانو ئەفرادی خۆیانیان جیا كردەوە. بە كورتی جیابوونەوەكانیان لە ئورووپاوە كەمكەم دەست پێكرد، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندیو دیسپلینی حیزب یەكی نەدەگرتەوە، بۆیە لە كومیتەكانی ئورووپا چەند كەس لەوانەی كە هۆكاری ئەو جیاكردنەوانە بوون سزای حیزبییان بۆ دیاری كرا كە ئەمە لەگەڵ دژكردەوەی كەمینە بەتایبەتی شەخسی عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەرەوڕوو بوو.

چەند رۆژ پاشتر، لە سەروبەندی وتووێژەكاندا كە زۆرینە ئامادە ببوو لەسەر 20 خاڵەكە قسە بكاو تەنانەت بەشێكی بەرچاو لەو 20خاڵەشی بۆ چارەسەری كێشەكە قبووڵ كردبوو، مامۆستاو هاوبیرەكانی كە زانییان بە قبووڵكردنی ئەو خاڵانە رێسیەكەیان لێ دەبێتەوە بەخوری (هەوڵیان بۆ جیابوونەوە خەریكە بەفیڕۆ دەچێ!) ئەمجار دوو پێشمەرجیان بە 20 ماددەكە زیاد كردو گوتیان تا ئەو پێشمەرجانە قبووڵ نەكەن، بۆ دیالۆگو دانیشتن ئامادە نابین:

1) هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو سزایانە كە لە رێكەوتی 7|5|85 بەدواوە درابوون.

2) پێشوەخت قبووڵكردنی ئیمزای تەوافوق لەسەر 20 خاڵەكە بەو مانایە كە بەكردەوەو بەڕەسمی حیزب جیا بكەنەوە.

خاڵی جێگای سەرەنجو تێڕامان لەم پێشمەرجانەدا، ئەوە بوو كە عەبدوڵڵا حەسەنزادە رایدەگەیاند كە هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزایانە بۆ ئەو حەیسیەتییەو، مەبەست لەم واتایەشی ئەوە بوو ئیستا كە ئەو مەئموورییەتی جیاكردنەوەی یەكیەتیی لاوانو كومیتەكانی حیزبی بەو كەسانە سپاردوە، كەوابوو بۆ كەس نیە لەو بارەیەوە لێپرسینەوە بكا.

شتی سەیرو سەمەرەتر ئەوە بوو كە پێش لە هەر چەشنە تەوافوقێك دەبێ ئیمزا بكرێ وەك دوو لایەنی وەك یەك. ئەمە لە كاتێكدا بوو كە: یەكەم، هیچ تەوافوقێك روی نەدابوو تا ئیمزا بكرێ، دووهەم، رەسمییەتدان بە جیاكردنەوەی حیزب بوو كە ئەویش لەگەڵ هیچ قازانجو بەرژەوەندیو ئوسوولو پرینسیپێكی حیزبی یەكی نەدەگرتەوە. بۆیە نەیدەتوانی جێگای پەسندی رێبەرایەتیی حیزب بێ. بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو داواكارییە ناڕەواو دوور لە ئوسوولانە، زۆرینە بە لەسەرەخۆیی لە نامەیەكی دۆستانەدا پێیانیان راگەیاندن كە لە داواكارییە 20 خاڵییەكەیان، لەگەڵ 17 خاڵی موافێقنو دەكرێ لەسەر ئەو سێ خاڵەكەی دیكەش

به دوو پێشمەرجەکەوە قسە بکەین، بەڵام سوودی نەبوو. وادیاربوو ئەوان بڕیاری خۆیان ـ کە جیابوونەوە لە حیزب بوو ـ لە مێژبوو دابوو.
ئەمەش دەقی ئەو 17 خاڵەیە کە زۆرینە موافقەتی لەسەر کردبوو:
هاوڕێیانی بەڕێزی کەمینە!
بەسڵاوی گەرمو برایانە!
بە هەست بە بەرپرسایەتیی زۆرایەتیی حیزبو ڕێزدانان بۆ هەوڵو تێکۆشانی دۆستانو دڵسۆزانی حیزبەکەمان لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی یەکڕیزیی تێکۆشەرانی حیزبو لە سەر بناغەی هەموو ئەو دانیشتنو باسانەی کە بۆ لەنێوبردنی گیروگرفتە نێوخۆیی‌یەکانی حیزب ئەنجام دراونو، هەوڵەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەپێناو یەکڕیزیی حیزبدا، نەزەری خۆمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کە بەشێکی بەرچاوی داخوازییەکانی کەمینەی لەخۆ گرتووە، رادەگەیەنین. هیوادارین ئێوە هاوڕێیانی کەمینەش بە هەست بە بەرپرسایەتیی تەواوەوە وەری بگرنو کارێك بکەین کە موژدەی لەنێوچوونی گیروگرفتەکانی نێوخۆی حیزب بە هەموو دۆستانو دڵسۆزانی حیزب بدەینو دوژمنانی حیزبەکەمان لەگەڵ ناهومێدی بەرەوڕوو بکەین.
1ـ سەبارەت بە ئازادیی رادەربڕین:
الف: ئازادیی رادەربڕین پرنسیپێکی دێموکراتییە کە زۆر لەمێژە لە حیزبی ئێمەدا جێگای گرتووە، بۆیە هەموو ئەندامانی حیزب بۆیان هەیە لە کۆڕو کۆبوونەوەی حیزبی‌دا لە سەر بابەتە تەشکیلاتیو فیکرییەکان راشکاوانە بیروڕای خۆیان دەرببڕن یان لە "تێکۆشەر" نامیلکەی نێوخۆیی حیزبدا بڵاوی بکەنەوە.
ب: بۆ کەس نیە لە دەرەوەی حیزب باسو بابەتە نێوخۆییو تەشکیلاتییەکان باس بکا، بەڵکوو هەموو ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی حیزب دەبێ دیفاع لە سیاسەتو بڕیارەکانی حیزب بکەن.
2ـ هەیئەت لە زۆرینەو کەمینە دەستنیشان بکرێ کە بە سکاڵای هەر کادرو پێشمەرگەیەکی حیزب رابگا کە پێی وایە لە باری سزادانو پلەی تەشکیلاتییەوە مافی لە بەرچاو نەگیراوە.
3ـ وەرگرتنی پێشمەرگە لە پەزیرش بە پێی بڕیاراتێك بە هەیئەتێك ئەسپێردراوە کە لە نوێنەرانی ئۆرگانەکانی پێوەندیدار پێك دێ، دەکرێ دیاریکردنی نوێنەرانی ئەم ئۆرگانانە جۆرێك بێ کە نەزەری گشتیی دابین بکا.
4ـ یەکیەتییەکانی ژنانو لاوانو خوێندکارانو هەموو ڕێکخراوە دێموکراتییەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات، پێوەندیی ئۆرگانییان لەگەڵ حیزب بە پێی ئوسوولێك دامەزراوە کە تا ئێستا پێڕەوی لێکراوە، بۆیە بۆ هیچ کەسو جەمعێك نیە کە بۆ هیچ مەبەستو بەرژەوەندییەکی تایبەتی دەست لە کاروباری ئەم ڕێکخراوانە وەربدا.

5- کاری تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات هەر ئێستاش بە شێوەی هاوبەش بەڕێوە دەچێ.
6- بۆ تەشکیلاتی ئاشکرا چوارچێوەیەك دیاری دەکرێ کە سنووری کارکردنی ناوەندەکان لەو بەشەداو بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بە روونی دیار بێو، رێکخستنی ئەندامانی حیزبی رێوشوێنی گونجاوی بۆ دیاری بکرێ.
7- دوایین دەوری دانی پلەی کادر کە بە شێوەیەکی دەقیقو لە سەر بناغەی ریزە پێوانەیەك لە لایەن کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامییەوە کە ئەندامانی لە کەمینەو زۆرینە پێك هاتووە دیاری کراوە، بەو حاڵەش هەر پێشمەرگەیەك هەست دەکا مافی لە بەرچاو نەگیراوە، دەتوانێ سکاڵای خۆی بدا بە هەیئەتی لێکۆڵینەوەو ئەو هەیئەتەش ئاکامی کاری خۆی بداتەوە بە دەفتەری سیاسی.
8- ئەو کەسانەی تا ئێستا چەند جار داوایان لێکراوە ئەرك‌و بەرپرسایەتی وەربگرن بەڵام ئامادە نەبوون کاری پێشنیارکراو قبووڵ بکەن، ئەگەر ئامادە بن ئەرك وەئەستۆ بگرن، بە پێی لێوەشاوەیی هەرکامیان کاری شیاویان بۆ دیاری بکرێ. تەشخیسی ئەم لێوەشاوەیی‌یە بە ئۆرگانەکانە.
9- ئاییننامەکان چاویان پێدا بخشێندرێتەوەو ئەگەر مەوردی وا هەبێ کە بەر بە چوونەپێشی کارو ئەرکەکان بگرێ، دەستکاری بکرێن. بۆ ئەو مەبەستە هەر کەس‌و هەر ئۆرگانێك دەکرێ پێشنەهاداتی خۆی بدا بە دەفتەری سیاسی.
10- لە کونفرانسەکانی دەرەوەی وڵات، هەوڵ بدرێ لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەدا موشارکەتی گشتی‌و "انسجام"ی تەشکیلاتیی پێوە دیار بێ.
11- هەروەك پێشتر هەوڵ درا کە بەرپرسی ناوەندی 2 ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بێ بەڵام قبووڵ نەکرا، ئێستا کە ئەوە یەکێك لە داواکانی هاوڕێیانە، موافقین ئەم بەرپرسایەتییە بە ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بدرێ.
12- بڕیارێك کە سەبارەت بە خوێندنی ئەندامانی رێبەرایەتی‌و کادرو پێشمەرگەی حیزب پێش کۆنگرەی 13 دراوە، ئەوەندەی بکرێ جۆرێك تەنزیم بکرێتەوە کە هەم دەرەتانی زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بڕەخسێ‌و هەم رێگا بە بەڕێوەچوونی کارەکانی حیزب نەگرێ.
13- لە ئەساسنامەی حیزبدا ئۆپۆزیسیۆن نەهاتووە، بۆیە ناکرێ بە رەسمی بناسرێ.
14- هەموو کادرو پێشمەرگەو ئەندامی حیزب دەبێ پەیڕەوی لە ئەساسنامەو ئایینامەکانی حیزب بکەن.
15- لە هەموو هەلومەرجێکدا دەبێ پرنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزب بپارێزرێن.
16- هەمووما‌ن بەرعۆدە بین کە بەرانبەر بە بێکاری‌و کەمکاری‌و کارشکێنی هەڵوێست بگرین.

17ـ پاش ساغبوونەوە لە سەر ئەم خاڵانە، هەموومان بە روحی برایەتی‌و یەکڕیزی بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەو بەرژەوەندییەکانی حیزب هەنگاو بنێین.
(2006/12/27) 1385/9/6

پاش درانی ئەم حەقدە خاڵە داوای وەڵامیان لێ کرا کە حەقدەخاڵەکەیان رەد کردەوە، بۆیە جارێکی دیکە وەفدی زۆرینە بۆ وتوویژ لەگەڵ کەمینە (محمد نەزیف قادری‌و رۆستەم جەهانگیری) چوونە لای بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەو داوایان لێ کردبوو کە وتووێژەکە درێژەی هەبێ، ناوبراو بەڵێنی دابوو کە داواکارییەکەیان لەگەڵ کەمینە مەترەح دەکاو وەڵامیان لێ دەگێڕێتەوە.
رۆژی چوارشەممە 15|9|85 کە کۆبوونەوەی ئاسایی دەفتەری سیاسی بەڕێوە دەچوو، بەهیوا بووین کە دوو ئەندامی دەفتەری سیاسیی لایەنی کەمینە، وەڵامی داواکاریی هەیئەتی زۆرینەی پێ بێ، کەچی حەسەن رستگار لە پاکەتێکدا ئیعلامیەی ئینشعابەکەیانی دایە دەستی سکرتێرو ئەمە بوو وەڵامی مامۆستا بە وەفدی زۆرینە کە دیارە جێگەی داخوکەسەر بوو. لەو کۆبوونەوەیەشدا چەند ئەندامێکی دەفتەری سیاسی پرسیاریان لە حەسەن رستگار کرد ئەوە بڕیاری کۆتایی‌تانە؟ لە وەڵامدا رایگەیاند دوا بڕیارمانە. بەم چەشنە عەبدوڵڵا حەسەنزادەو رەفیقەکانی پاش چەند مانگ بیانوو گرتن‌و بەڕواڵەت داوا مەترەح کردن، ریزی خۆیان لە ریزی حیزبی دێموکرات جیا کردەوە.
پاش جیابوونەوە، عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە پێکهێنانی کۆنفرانسێکی چاپەمەنی، لەگەڵ راگەیەنە گشتییەکان لە هەولێر، کۆمەڵێ شتی باس کردون کە جێگای تێڕامان‌و لێ وردبوونەوەیە:
1) خۆ بە پێڕەوی رێبازی قازی، قاسملووو شەرەفکەندی ناساندن کە دیارە هەر لە سەرەتای ئەم بابەتەدا هەڵویستی عەبدوڵڵا حەسەنزادە، لەسەر داگرتنی وێنەی د. قاسملووو د. شەرەفکەندی. بەکورتی هێندێك بابەتمان هێنایە بەر باس، ئێستاش بۆ روونکردنەوەی هەرچی زیاتری ئەم ئیددیعا بێ پایەیە تەنیا ئاماژە بە دوو نموونەی دیکە دەکەم بۆ سەلماندنی ئیددیعای نادروستی ناوبراو لەو بارەوە:
الف) لە کتێبێك کە د. حوسێنی خەلیقی وەك بیرەوەریی خۆی کە ئەوکات بەرپرسی کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب بووە نووسیویەتی، هاتووە:
"بە یارمەتیی خودی د. قاسملوو توانیمان لە یارمەتیی بەرفراوانی پزیشکە جیهانییەکان کە سەرچاوەکەیان لە وەڵاتی فەرانسەوە هەڵدەقوڵێ، کەڵك وەربگرین. دواتر هەر بەهۆی لێوەشاوەیی‌و توانایی‌و هەوڵی ناوبراوەوە، پەیوەندی‌گرتن لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی خاوەن پەیوەندی بڕیاردرا بەرەبەرە کەمئەندامەکانی حیزب بە دوو هۆ بەڕێ بکرێن بۆ دەرەوەی وڵات ... .

لە درێژەی ئەم نووسراوەیەدا هاتووە: حسێن فەقی عەلی کە یەکێك لە کەمئەندامەکان بووە دوو یا سێ برای شەهید بوون، چەند کەسی دیکە لە بنەماڵەکەیان لەو پێناوەدا گیانیان لە دەست داوە، بۆ ناونووسینو چوونی بۆ دەرەوەی وەڵات بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە موراجعە دەکا کە ناوبراو زۆر بە قەڵسیو بە جنێودان بەو کەسەی (د. قاسملوو) کە ئەو بازاڕەی کردۆتەوە بۆ یەکێك لە رەفیقە هەرە نێزیکەکانی لەو پەیوەندییەدا بەمجۆرە دەنوسێ:

**برای خۆشەویستم کاك محەممەدی حەسەنپوور!**

**پاش سڵاوو دۆعاخوانی**

**وادیارە ئەمساڵ "راهیانی کەربەلا"مان زۆرن، ئیستا نۆرە گەیوەتە کاك حسێن فەقێ عەلی، تکایە هەر ئەو فۆرمە کە تا ئێستە نووسیوتانە بۆ ویش بنووسە، با نۆش بێتە سەر دەی، لەعنەت لە بابی ئەوەی یەکەم جار ئەو دوکانەی کردەوە!**

**برات عەبدوڵڵا**

75|2 |25

خوێنەری ئازیز! ئەمە نامەی عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە بۆ کەم ئەندامێکی حیزبیو لەو پەیوەندییەدا جنێودانە بە کەسێك کە ئەو دوکانەی کردۆتەوە، خۆتان تەفسیری بکەن ئەمەیە پێڕەوی لە ڕێبازی د. قاسملوو؟!

خۆ ئیتر باسی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێریش با لە جێی خۆی بمێنێ کە جەلیل گادانی هەر دوو مانگ پێش لە پێشکەشکردنی 20 خاڵەکەیان، بەشی دووهەمی کتێبی 50 ساڵ خەباتی خۆی کە بەشی یەکەمی ئەوکات کە لەحیزب جیا بوونەوە نووسیبوو، خستە بازاڕ، نێوەڕۆکی ئەو کتێبە هەموو ئەو جنێوانە بوون کە لە دەورانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا لە دژی شەهیدان د. قاسملووو د. سەعیدو باقیی ڕێبەرایەتیی حیزب نووسیوویانن. بۆ ئەم مەبەستەش بوو کە کومیتەی ناوەندی تەنانەت بە کەسانی جیابووەشەوە رەخنەی لە زمانی ئاخاوتنو کاتی بڵاوکردنەوەو ناوی ئەو نووسراوەیە لە کاك جەلیل گرت، کە ئەمەشیان کرد بە داستانێکی سەیرو سەمەرە کە گوایا جەلیلی گادانی لەبەر دەربڕینی بیروباوەڕ یا نووسینی کتێبێك سەرکۆنە کراوەو، چەواشەکارانەو بە درۆ وایان نیشان دەدا کە ڕێبەرایەتیی حیزب دژی دەربڕینی بیروڕای ئازادە.

جەلیل گادانی لە کتێبەکەیدا بێجگە جنێوو تۆمەتەکانی دەورانی جیایی، خیلافێکی دیکەشی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە کتێبەکەی بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نووسی بوو، لە کاتێکدا ئەو کتێبە تەنیا مێژووی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو، ئەویش ئەو لایەنەی کە دژی حیزب نووسرابووو لە پێوەندی لەگەڵ پێوەندییەکانی خۆیانو موجاهیدین شتێکی ئەوتۆی تێدا نەنووسرابوو. ئەوەش کە لەسەر حیزب نووسیبووی، فڕی بە راستییەوە نەبوو، کاك

جەلیل گادانیش تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو هەڵەیە رەخنەی لـێ گیراو، داوای لـێ کرا کە ئەو هەڵانە واتە ناوی کتێبەکە وەك هەیە مێژووی رێبەرایەتیی شۆڕشگێر بێ، کە بۆخۆی هەڵەکەی قبووڵ کردو بەڵێنیی دا لە چاپی دووهەمدا ئەو هەڵانە راست بکاتەوە. وەك دەبینن مامۆستاو کاك جەلیل بەم وەزعەشەوە خۆیان بە رێبواری رێگای د. قاسملوو دەزانن؟!

ب) مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە رۆژنامەی "میدیا" ژمارە 270ی شەممە رێکەوتی 19ی دیسامبری 2006، بەرامبەر بە 28ی سەرماوەزی 1385دا دەڵێ:

"نابێ هەر لەسەر سفرەی قازیو قاسملووو شەرەفکەندی نان بخۆین" درێژە دەداو دەڵێ: "ئەوان خۆیان بە کالای خەڵکی دیکە تەعریف دەکەن، هیچیان پێ نیە."

ئەم وتەیەی عەبدوڵڵاحەسەنزادە زۆر سەرەنجراکێشە. وادیارە بەڕێزی پەیڕەوی لە رێبازێکی لەگەڵ سفرەی خواردنی کەسێك لـێ تێك چووە. ئەگەر پەیڕەوی لە رێبازی د. قاسملوو بۆ ناوبراو واتای سفرەو نانی گەیاندن بێ، بۆ ئێمەی رێبوارانی رێگای د. قاسملووی نەمر، واتای فیداکاری لە پێناو ئامانجەکانی گەلو واتە خەبات لە پێناو دێموکراسی، مافی نەتەوایەتیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێو ئەمە درێژەپێدانی رێبازی پڕ لە سەروەریی شەهیدانە.

پرسیار ئەوەیە ئەگەر بیروباوەڕی دێموکراسیخوازی کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش لە ئێستا، یان بیروباوەڕی فەیلەسووفان یان بیروباوەڕی سۆسیالیستیو کۆمۆنیستی کە ئێستا هەرکام لەم رێبازانە بە دەیانو سەدان هەزار پەیڕەویان هەیە، داهێنەرەکانیان لە کوێنو داخوا هیچکامیان لە قەیدی حەیاتدا ماون کە ئێستا وتەکانیان وەك فاکت دێننەوەو پشتی پێ دەبەستن؟ ئەی بۆ پەیرەویکردن لە رێبازی د.قاسملوو لەسەر سفرەی ئەو شەهیدە نان خواردنە؟

رەنگە مامۆستا ئەو وتەیەی شەهیدی نەمر د. قاسملووی لە بیر مابێ کە لە کۆنگرەی شەشەمدا کاتێك کە د. قاسملوو سۆسیالیزمی دێموکراتیکی خستە بەرباسو لەگەڵ موخالفەتی زۆر توندی هاوسەنگەرەکانی ئێستای بەرەوڕوو بۆوە کە دوای گێرەو کێشەیەکی زۆر بە پەسند گەیشت، د. قاسملووی نەمر چووە پشت تریبوونو لە ئاخاوتنەکانیدا وتی ئێمە میلەتێکین بە سەدان ساڵ زوڵممان لێ دەکرێ، هەرکەس هاتووە شتێکی بەسەردا سەپاندوینو، بڕوا بەخۆبوونیان لەنێو ئێمەدا کزو لاواز کردوە ئەگەرنا دەکرێ لەنێو میللەتێکی بچووکیشدا بیرمەندێك شتێك باس بکا کە لەنێو میللەتانی دیکەدا باسی لێ نەکرابێ. دیارە ئەم وتەیەی د. قاسملوو بۆ خۆڕانان نەبوو، بەڵکوو بۆ بەهێزکردنی بڕوا بەخۆبوون لەنێو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبدا بوو کە دوای تیئۆریی داتاشراو کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی میللەتی ئێمە یەك ناگرێتەوە نەکەون، لەم بارەشەوە مەنعتان ناکەم، چونکە پەروەردەی وەڵاتی ئێمە لەو چەشنەیە، پەروەردەی بێگانەپەرەستی، خەڵك بە زۆرزانینو خۆ بە کەمگرتنو کەمزانین.

ڕێبازی دێموکراسیخوازیو نەتەوەخوازیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئامانجی سەدان میلیۆن مرۆڤ لەسەر گۆی زەوییەو، بەشەرییەت بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە تا ئێستا بە میلیۆن کەسی فیدا کردوەو خەبات بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە هەر درێژەی هەیە، بۆ میللەتێکی بندەستو بێبەش لە هەموو مافێکی ئینسانی وەك میللەتی کورد، کە لەم پێناوەشدا زۆری فیداکاری کردوەو قووربانیی داوە، وەدیهاتنی ئەم ئامانجانە ئاواتو ئارەزویەو، بۆ گەیشتن پێیان ئامادەیە خەباتو فیداکاری بکا. ئەمەیە ڕێگای پڕ لە سەروەریی شەهیدان، ئەمەیە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی د.قاسملووی نەمر.

د. قاسملووی شەهید ئیمانی بە کۆپی هەڵگرتنەوە نەبووو، ئەو لە کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم بە وردی لەسەر ئەم مەسەلەیە دواوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا کە ئیمانی بە ئەسڵ هەبوو ئیمانیشی بە خەلاقییەتو داهێنان هەبووە کە ڕێبوارانی ڕێگای د. قاسملوو لەم واتایە زۆر چاك تێ دەگەنو ئیمانی قووڵیان پێیەتی، دەکرێ لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی زەمان، ئاڵوگۆڕی هاوکێشەکان هزرمەندی کوردیش دەست بداتە ریفۆرمو ئەمە بۆ ڕێبازێکی زیندووو داهێنەرانەی وەك ڕێبازی د.قاسملوو، شتێکی ئاساییو بەردەوام دەبێ لێکچواندنی ڕێبازی د. قاسملوو بە سفرەی نان خواردن خراپ تێگەیشتن یا باشتر بڵێین تێنەگەیشتن لەو ڕێبازە سەربەرزانەیە.

1ـ داستانی زۆرینەو کەمینە:

دەزانن عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتووێژەکانی پاش جیابوونەوەیاندا پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی خراپ لە دێموکراسی حاڵی بوونو پێیان وابوو کە دێموکراسی یانی ئەکسەرییەتو ئەقەلییەت. لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی 13ی دیسامبر لە هەولێر کە بە بەشداریی چەند ڕۆژنامەوانێك بەڕێوە چوو، لە ڕۆژنامەی ژمارە 452ی خۆیاندا بڵاو کراوەتەوە، دەڵێ:

" ئەگەر شەڕ لەسەر دەسەڵات تاوانە، شەڕ بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتیش 4 جار تاوانە. ئیختیلافی ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە ئەوە بوو کە ئەوان دەسەڵاتیان پاوان کردبوو لەدەست خۆیاندا، ئەوان لە دێموکراسی ئەو تەعبیرەیان هەبوو کە دێموکراسی مانای ئەوەیە کەمایەتی دەبێ پەیرەوی لە زۆرایەتی بکا. لە حاڵێکدا ئێوە هەموتان روناکبیرن، ئەوە پێناسەی دێموکراسی نیە. دیکتاتۆریی فەردیمان هەیە، دیکتاتۆریی زۆرایەتیمان هەیە، دێموکراسیمان هەیە. سەرەتاییترین ئەلفوبێی دێموکراسی "مراعات"ی مافی کەمینەیە لە لایەن زۆرایەتییەوە."

بەڵام با بزانین نەزەری مامۆستا پاش کۆنگرەی 10، ئەوکات کە سکرتێر بوو، لە کاتی گەڕانەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بۆ نێو حیزب لە نەوارێکدا کە ئێستا لەبەر دەست دایە، لە سالۆنێکی دەفتەری سیاسی لە وەڵامی قسەکانی کاك جەلیل گادانی و لە بەشێك لە قسەکانیدا چۆن دەدوێو چ نەزەرێك دەدا؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەو کۆبوونەوەیەدا دەڵێ :

"ئیختلافی نەزەر لەگەڵ ململانێو راکێشان بەملاوبەولادا فەرقی هەیە، ئیختلافی نەزەرمان بوو لە کۆنگرەی دەیەمدا، بۆیە نەزەراتێك چووەتە پێشێ رەنگە من بە دڵم نەبێ، رەنگە نەزەراتێك چووبێتە پێشێ فلان کەس بە دڵی نەبێو ...، بەڵام ئیدی ئەوە تەنیا میعیارێکە کە لە دنیادا پەسند کراوە دەبێ وەکوو حەکەم رەچاوی بکەین، هیچ چارە نیە، ناتوانین رێك کەوین لەسەر مەوزووعێك هەموومان، ناکرێ هەرکەسە بۆ لایەکی بکێشێ، چونکە دەیپسێنین، چار چیە؟ دەڵێین ئەکسەرییەتەکە نەزەری چی بوو ئەوە جێبەجێ دەبێ ."
هەر لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێ:
"پێتان دەلێم پێم خۆشە بە پێی ئوسوول حیزب ئیجازەی دابایە هەر رۆژی دوای کۆنگرە خەڵك نەزەراتی خۆی دەرببڕێ، بەڵام نەزەراتی خۆی گوتبایە، نە تەوهین بکا، نە سەرپێچی لە بڕیاران بکا، نە بڕیاراتی حیزب بەرێتە دەرێ، بەڵام حەتا لەگەڵ تەسویبی ئەوەش ئێمە هیچ ریگایەکمان نیە بۆ ئەقەلییەت غەیری بەرێوەبردنی بڕیاری ئەکسەرییەت."
عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە وتووێژە چاپەمەنییەکەی رۆژنامەی "میدیا" ژمارە 270 ریکەوتی 19ی دیسامبری 2006، بەرامبەر بە 28ی سەرماوەزی 1385 لە کۆتایی ئەو وتووێژەدا ئاماژە بە جیابوونەوەی چەند کەسێك بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئارارات لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکاو دەڵێ دوو ئەندامی کومیتەی ناوەندیشیان لەگەڵە!
بەرێزیان ئەگەر راست دەکا جیابوونەوەی لەو چەشنە رووی داوە، بفەرموون لە کوێو ئەوانەی جیا بوونەتەوە کێنو، بەتایبەتی لەو بارەیەوە کە دەڵێ دوو ئەندامی کومیتەی ناوەندییان لەگەڵە، ناویان چیەو لە کەیەوە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوون؟ کەسێك کە سالانی ساڵ کاری سیاسی دەکا لانیکەم دەبێ هێندێك لە بەرامبەر وتەکانیدا بەرپرسیار بێو دەبێ لەم بارەوە وەلامدەربێ.
بەکورتی :
الف) قسەی جیابووەکان لەو سێ جیابوونەوەیەدا:
لە هەرسێ جیابوونەوەکانی کۆنگرەکانی چوارەم، هەشتەمو سێزدەهەمدا، رێبەرایەتیی حیزب تاوانبار بە دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگە کراوە.
2ـ رێبەرایەتیی حیزب بە پێشێلکردنی پەیرەوی نێوخۆ تاوانبار کراوە.
3ـ ناوی حیزبی دێموکراتیان بە پەسوەندێکەوە لەسەر خۆیان داناوەتەوەو خۆیان بە حیزب لە قەڵەم داوە.
راستییەکە چی بووەو چیە؟
هەرسێ جیابوونەوەکە لادان لە رێبازی حیزب بووە، ئەگەر تاقمی حەوت کەسی داوای تەسلیمبوونەوە بە رێژیمیان دەکردو، لەم بارەوە لادان بوو لە رێبازی حیزب،

دوو کۆنگرەکەی دیکە (کۆنگرەی هشتو سێزدە) بەهۆی نەچوونە ژێرباری دێموکراسی، بە لادان لە ڕێبازی حیزب دەژمێردرێ.
دوو جیابوونەوەی پێشتر وەك ئاماژەمان پێ کرا لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە پشتیوانیان لێ کراوە کە لەم نوسراوەیەدا بە بەڵگە روونمان کردەوە کە کۆنگرە چوارییەکان لەلایەن حیزبی تودەو کۆماری ئیسلامییەوەو، کۆنگرەی هەشتییەکان لەلایەن موجاهدینی رەجەوییەوە، پشتیوانیان لێ کراوە. لەسەر ئەم جیابوونەوەی دواییش داهاتوو دەری دەخاو زۆر شت روون دەبێتەوە.

ئاکامی جیابوونەوەکان:
جیابۆوەکان پاش ماوەیەك بەهۆی نەبوونی شەرعییەت، لێك بڵاو بوونو، تەنیا ناویان بۆ مێژوو ماوەتەوە کە بێگومان جیابوونەوەی ئەم دوایی‌یەش چارەنووسی لە دوو جیابوونەوەکانی دیکە باشتر نابێ. ئەگەر لە جیابوونەوەکانی پێشوودا جیابۆوەکان یەك کۆتلە بوون، توانییان ماوەیەك پێکەوە بحاوێنەوە، جیابوونەوەی ئەمجارە لە چەند کوتلەیەك پێك هاتووە کە هەرکام داواکاریی خۆی هەیەو تەنیا خاڵی هاوبەشیان دژایەتی‌کردن لەگەڵ حیزب بوو، بۆیە پێشبینی دەکرێ ئەوانە نەتوانن تاسەر پێکەوە هەڵ بکەن.

وتووێژی "راه ێزادی" لەگەڵ شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی
ئەم نووسراوەیە کە لە بەر چاوتاندایە، بەشێك لە مانگنامەی "راه ێزادی ژمارە 23، ئۆرگانی حزب دمکراتیك مردم ایران"، لە گەڵ ڕێبەری شەهید د. سادق شەرەفکەندیە کە لە مانگی سێپتامبری 1992دا، چەند رۆژێك پێش شەهیدبوونی بەڕێوە چووە. دیارە وتووێژەکە بە شێوەیەکی گشتی لە سەر باروودۆخی ئەوکاتی ئێرانو ئوپۆزێسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.
ئەم بەشەی وتووێژەکە کە لە بەردەست ئێوەی بەرێزدایە، ئەو پرسیارو وەڵامانەن کە لەمەڕ رۆلی ئوپۆزێسیۆنی سەراسەریی ئێران لە کوردستانو هەروەها رێکخراوە کوردییەکانە کە بەشێکی زۆری لەمەر رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ؟! هاتوونەتە ئاراوە.
تاقمی کاك مەلا حەسەن لە پروپاگەندەکانیاندا هەوڵیان داوە بەوپەڕی چەواشەکارییەوە وا نیشان بدەن کە گۆیا، رێبەری نەمر د.شەرەفکەندی ماوەیەك پێش شەهیدبوونی هەوڵی رێککەوتنەوەی لە گەڵ تاقمی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ؟! داوە.
بەڵام بە خوێندنەوەی ئەم وتووێژە بۆمان دەر دەکەوێ کە ئەو ئێددیعایە چەندە لەو راستییەوە بەدوورەو نیشاندەدا کە تاقمی کاك مەلا حەسەن ئامادەن بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان تەنانەت کەڵکی خراپیش لە کەسایەتیی

د.سەعیدی نەمر وەربگرنو، وەك ئامراز بە كاری بێنن. هەر بۆیەش بە پێویستم زانی كە ئەم وتووێژە بكەمە كوردیو بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز.
پ. لە كوردستاندا بێجگە لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، هێزیكی دیكە بە نێوی كۆمەڵەو هەروەها چەند هێزی سەراسەری ئێران وەك فەدایییانی خەلقو هتد تێكۆشانیان هەبوو. ئێنشعاب لە حیزبی دێموكراتیشدا بوو بە هۆی ئەوەی كە هێزێكی دیكەش بێتە ئاراوە، كە لە نێو ڕێبەرەكانیدا چەند كەسی ناسراوی تێدایە. باروودۆخی ئەم هێزە چۆنەو ئاستی تێكۆشانیان لە چ رادەیەكە؟
و. هێزە سەراسەرییەكان بە گشتی هیچ كات لە كوردستاندا پێگەیەكی ئەوتۆیان نەبووە، و هیچكاتیش رۆلێكی چارەنووس سازیان لە كوردستاندا نەگێڕاوە. سەركوتی ئەم هێزانە لە لایەن كۆماری ئیسلامییەوەو قەیرانە نێوخۆیییەكانی ئەو هێزانە كە یەخەی پێ گرتبوون بوو بە هۆی لاوازبوونی ئەوانە بە گشتیو ئەم لاوازییە لە كوردستانیش رەنگی داوەتەوە. بۆیەش ئێستا تێكۆشانێكی ئەوتۆیان لە كوردستاندا نیە...
بەڵام ئەو كەسانەی كە لە حیزب جیابوونەوە هەر لە سەرەتاوە هێزێك نەبوون. بە پێچەوانەی قسە رواڵەتییەكانیان، ئامانجی ئەسڵی ئەوان تەنیا چۆڵ كردنی گۆڕەپانی خەبات بوو، ئەویش بە هۆی ماندووبوونیان لە خەباتو رۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات بوو. حیزبی دێموكرات دەیویست لە گۆڕەپانی خەباتدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوان دژی ئەوە بوون، هەر چەند بە ئاشكرا باسیان نەدەكرد. ئەفرادی ناسراو بە قەولی جەنابت، ئێستا لە گەڵ بنەماڵەكانیان هاتوونەتە دەرێو پەنابەرن. لە ئاكامدا ئەمانە نەبوونەتە هێزێكی سیاسی، نە دەشبن بە هێزێك.
پ. بەڵام ئەو لایەنە بڕێك پرسیان هێناوەتە گۆڕێ كەوا ئەوان لە نێو حیزبی دێمۆكرات كێشەی هزریو سیاسییان هەبووە. بۆ نموونە لە یەكەمین بڵاوكراوەی ئەواندا باس لەوە دەكەن كەوا حیزبی دێموكرات لە روانگەی سۆسیال دێموكراسییەوە دەڕوانێتە پرسەكانو وەدوای سۆسیال دێموكراتەكانی ئۆرووپا كەوتووە. رەخنەكانیان زیاتر لە زاویەی چەپەوەیە.
و. ئەگەر مەسەلەكان لە دوورەوە لە رێگای نووسراوەكانەوە بناسیت دەكرێ ئەو بەرداشتەی لێ بكەیت. بەڵام حیزبی دێموكرات هیچكات روانگەی خۆی لە مەڕ سۆسیالیزمو دێموكراسی نەشاردۆتەوە. سەیر ئەوەیە هەموو ئەو كەسانەی كە لە كاتی ئێنشعابدا حیزبی دێموكراتیان لە زاویەی چەپەوە خستبووە بەر رەخنە، كەسانێك بوون كە ئەساسەن دژ بە سۆسیالیزم بوون، تەنانەت لە نێو حیزبدا زیاتر بە ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ ناسراو بوون، لە راستیدا بێجگە لە یەك دوو كەسیان، ئەمانە بە گشتی دژ بە سۆسیالیزمو بیری چەپ بوون، دیارە ئەو كات ئەوە مۆد بوو و دەبا بۆ ئەو ئێنشعابە كە بە راستی زیاتر هۆی شەخسی هەبوو

ئێستێدلالی سیاسیو هزری بێننە گۆڕی، بەڵام دواتر ئەزموون نیشانیدا کە ئەم قسەو ئیدیعایانە چەندە بێبایەخو دروست کراو بوون.
پ. ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە کە لە گەڵیاندا یەك بگرنەوە؟
و- دیارە ئێوە نێوی ئەوانە دەنێنە هێز، لە روانگەی ئێمەوە ئەمانە هێز نین، ئەمانە کەسانێك بوون کە بە هۆی شەخسی ریزەکانی حیزبیان بە جێهێشت، پاشانیش دوای ئامانجی ئەسڵییان، - رۆیشتن بۆ دەرەوە - کەوتن.
سەبارەت بە یەکگرتنەوە دەگەڵ ئەوانە، من بە پێویست نازانم هەموو ئەو کەسانە کە لە وڵاتێکدا دەژین لە نێو حیزبێکدا کۆببنەوە.
پ. بەڵام ئەوانە کەسانێك بوون کە چەندین ساڵ لە نێو حیزبدا تێکۆشانیان هەبووە.
و: ئەوە ڕاستە، بەڵام دەشکرێت ئەندامانی هەر حیزبێك زەمانێك بە هۆی جۆراوجۆر باوەڕیان بە حیزبەکەیان نەمێنێت یان بە گشتی لە خەبات ماندوو بن. دیارە کەسێك کە دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی هیچ پێویست ناکات هەموو ژیانی لە گەڵ ئەو ڕێکخراوە بمێنێتەوە. ئەم جەماعەتە پاش ئێنشعابیش هیچ شتێکی تایبەتیان پێنەکراو زیاتر بە شێوەی مەحفەلی لەم ناوە ماونەتەوە. ئێمڕۆ من هیچ هۆیەك نابینم کە ئەوانە دیسان بگەڕێنەوە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات. بەڵام ئەگەر کەسانێك بە شێوەی تاکە کەس بیانهەوێت بگەڕێنەوە و چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی ئێمەیان قبووڵ بێ، دەتوانن سەر لەنوێ داوای ئەندامەتی لە حیزبی دێموکرات بکەنەوە. بەڵام وەك کۆمەڵ، ئەمانە کەسانێك بوون کە هێزی درێژەدانی خەباتیان نەمابوو هەر بۆیەش لە حیزبدا نەمانو رێگای خۆیان لە رێگای حیزب جیا کردەوە.
..
تەیموور مستەفایی

کۆتایی
سەرچاوە کوردستان مێدیا و رۆژنامەی کوردستان

www.peshmergekan.eu
www.peshmergekan.com
ئیمایل ساڵە نەڵۆسی:
nalosi@gmail.com